# "ڕشتەی مرواری" لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی ئەدەبیاتەوە

توێژینەوەیەکی تیۆری - مەیدانیە

خەبات ڕەسووڵی

## پێشەکی

کۆمەڵناسی ئەدەبیات، ئاوێتە کردنی دوو زانستی سەربەخۆیە، زۆر جار کۆمەڵناسی ئەدەبیات بە ڕەخنەی ئەدەبی-مارکسیستی ناودێر دەکرێ و لوکاچ و گۆڵدمەن و سەرجەم بیردۆزانی ئەو زانستە وەك ڕەخنەگرێکی ئەدەبی چاو لێدەکرێن. بەڵام زۆر کەسی دیکەش بە پێچەوانەوە ئەو بەشە لە کۆمەڵناسی گشتی وەك لقێکی سەربەخۆ چاولێ دەکەن.

هەڵبژاردنی "ڕشتەی مرواری" مامۆستا عەلائەدین سەجادی بۆ توێژینەوەکەم زۆرتر لەو ڕوانگەیەوە بوو کە، نوکتەکانی ئەو کتێبە، دەقێکی سەربەخۆی وەك شێعر و چیرۆك و ڕۆمان نیین کە بێجگە لە ڕەخنەی کۆمەڵناسانە بکرێ بە ڕاڤەیەکی هیرمۆنیتیکی و فۆرمالسیتی، یان هەر چەشنە ڕەخنەیەکی دیکە بتوانن شی بکرێنەوە.

نوکتە بەرهەمی بیرکردنەوەی گشتی جەماوەرە و بەرهەمێنەرەکەی بە دەگمەن دیارە و خاوەن تایبەتمەندی (جوگرافی-نەتەوەیی-کات)ە.

ئەگەر بمەوێ لە حەق لانەدەم، دەبێ بڵێم ڕشتەی مرواری، کانگایەکی پڕ دوڕ و گەوهەرە. بۆ دۆزینەوەی ئەو گەوهەرانە، گەلێك مەلەوانی لە من کارامەتری دەوێ و زۆر سەرتر لە توێژینەوەی بەکالۆریۆس شایانی ئەو کتێبەیە.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی گەلێك مەبەستی شاراوەی لە پشت کۆکردنەوەی ئەو کتێبەدا حەشاردراوە و بۆ پێکانی مەبەستەکانی چ ئامرازێك باشتر لە نوکتە دەتوانێ دۆست و دوژمن وەپێکەنین بخات و سەرسلامەت بێ و قسەی خۆیشی گوتبێت.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە(لایەنی تیۆری و لایەنی مەیدانی) لایەنی تیۆری بە سەر پێنج بەش دا دابەش دەبێت، بەشی یەکەم ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاری کردنی چەمکەکانە کە بۆخۆی دەبێتە دوو باس، باسی یەکەم گرفتی توێژینەوەکەو گرینگی توێژینەوەکە و ئامانجی توێژینەوەو هۆکارەکانی توێژینەوە کە دیاری دەکات. باسی دووەم بریتییە لە دیاری کردنی چەمکەکان کە لەو بەشەدا، پێناسەیەکی ڕشتەی مرواری  و کەسایەتی مامۆستا عەلائەدین سەجادی و شی کردنەوەی ڕوانگەی سەجادی و پێناسەیەکی کۆمەڵایەتی ئەدەبیات کراوە.

بەشی دووەمی ئەو توێژینەوەیە تەرخان کراوە بۆ توێژینەوەکانی پێشوو، ئەو بەشە دابەش دەبێ بە سەر دوو باسدا، توێژینەوە ئێراقییەکان کە توێژینەوەیەکی کوردی وەك نموونە وەرگیراوە و توێژینەوە بیانییەکان کە توێژینەوەیەکی ئێرانی وەك نموونە وەرگیراوە.

بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە ڕشتەی مرواری لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی ئەدەبەوە ئەو بەشە بە سەر سێ باسی ، تەنز- فۆلکلۆرو قسەی سەرزارەکی-کارەکتەردا دابەش کراوە.

هەروەها بەشی چوارەمی ئەم توێژینەویە تەرخان کراوە بە شی کردنەوەی زانیارییەکان، لەو بەشەشدا سێ بەشی (کات-شوێن-هزری کۆمەڵایەتی) لە نوکتەکاندا شی کراونەتەوە.

بەشی پێنجەمی ئەو توێژینەوەیە چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە دیاری دەکات. کە ئەو بەشە دابەش دەبێ بە سەر چوار لایەنی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە، میتۆدی توێژینەوەکە، بوارەکانی توێژینەوەکە،ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری .لە کۆتاییدا سەرچاوەکان دەسنیشان کراوە و نموونەیەك لە فۆرمی ڕاپرسی کە لەو توێژینەوەیە دا کەڵکی لێ وەرگیراوە،داندراوە.

لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە لە شاری هەولێرە و بیست و پێنج ئەدیب و ڕووناکبیر وەك نموونە وەرگیراوە بۆ ئەم مەبەستە لە یارمەتی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر و چەند مامۆستایەکی زانکۆ لە هەر دوو بەشی زمان و ئەدەبی کوردی و کومەڵناسی کەڵك وەرگیراوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ئەو لایەنە شاراوانەی ژیانی کۆمەڵگەی کوردییە کە لە نوکتەکانی رشتەی مرواریدا رەنگییان داوەتەوە. بەو هیوایەی توانیبێتم خزمەتێکی بچووك بە بواری توێژینەوە و زانستی کۆمەڵناسی بکەم.

**توێژەر**

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە و دیاری کردنی چەمکەکان

### باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### 1. گرفتی توێژینەوە

گرفتی توێژینەوەکە ئەوەیە کە لە ڕوانگەی توێژەری ئەو توێژینەوەیە "رشتەی مرواری" هەڵگری پێناسەیەکی تاڵە کە بە زمانێکی شیرین کە لە کۆمەڵگەی کوردەواری کراوە. کۆمەڵناسی ئەدەب ئەو بەشە لە کۆمەڵناسیە کە لە ڕێگەی دۆزینەوەی کۆد و هێما کۆمەڵایەتیەکانی ناو ئەدەب خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانە دەکات. واتە دەکرێ بڵێین کۆمەڵناسی ئەدەب خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەیە لەسەر ئەدەبیات و هەوڵی ئەو توێژینەوەیەش دەرخستنی لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو نوکتانەیە کە لە "رشتەی مرواری" دا کۆکراونەتەوە.

### 2. گرینگی توێژینەوەکە

کۆمەڵناسی ئەدەبیات ئێستا لە ئاستی جیهاندا پێگەیەکی شیاوی بۆخۆی کردۆتەوە و وەك بەشێکی گرنگ لە کۆمەڵناسی، لە لایەن توێژەران و پسپۆرانی ئەکادمییەوە لە سەر ئەدەبیات و نووسین بە گشتی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە و لە سەر بەرهەمە گرنگەکانی خۆی، بە سەدان باسی دکتۆرا و بە دەیان کتێبی گرنگ و بە ناوبانگیان نووسیوە و دەنووسرێ.

لە کاتێکدا نووسینی ئەکادیمی و سەرچاوەی زانستی بە زمانی کوردی لەو بوارەدا ناگاتە ڕادەی پەنجەکانی دەستی مرۆڤێك کەواتە هەر هەنگاوێك بە مەبەستی ناساندن و ئیش کردن لەو بوارەدا خاوەن گرنگی و بایەخە. دەکرێ لە کۆ کردنەوەی حەکایەت و بەیت و حەیران و قسەی نەستەق و پەندی پێشینیان ڕا دەست پێبکەین و خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەیان بۆ بکەین، تا دەگاتە بەرهەمە ناسراو و شیاوە ئەدەبیەکانمان. کۆمەڵناسی ئەدەب زۆر بەربڵاوە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی وەك نووسین، بڵاوکردنەوەی نووسراوەکان و کتێبەکان و بەگشتی هەموو نووسینێك دەگرێتەوە. کەواتە بە شێوەیەکی پراکتیکی دەبێ ئەو لایەنە وەك بەشێکی گرنگ وبە کەلك بۆ ئێمە تاووتوێ کرێ و ئیشی بۆ بکرێت.

### 3. ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی من لەو توێژینەوەیەدا دووبارە خوێندنەوەی(رشتەی مرواری) مامۆستا عەلائەدین سەجادیە، لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی ئەدەبیات. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات(رشتەی مرواری) لە ڕوانگەی ئەدەبەوە ڕوون بکاتەوە و ئەوە بەدەر بخات کە( رشتەی مرواری ) تا چەند ئاوێنەی باڵانوێنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواریە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

### 4. هۆكارەكانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە

یەكەم: پشتگوێ خرانی كۆمەڵناسی ئەدەبیات سەرەڕای گرینگی زۆری بۆ ئێمە وەك نەتەوە.

دووەم: پشتگوێ خرانی(رشتەی مرواری) سەرەڕای ئەوەیكە هەڵگری وێنەیەكی ڕاستەقینەی كۆمەڵایەتی كوردەواریەی لە سەدەكانی ڕابردوماندا و هەڵگری گەلێك نهێنی شاراوەیە.

سێیەم: حەز و خواست و چێژی خۆم لە تێكەڵ كردنی ئەو دوو بوارە دا كە بە حوكمی ئیشەكەم و نووسینی خۆم لە بواری ئەدەب دا و خوێندنم وەك قوتابی لە بواری كۆمەڵناسیدا گونجاوە.

## باسی دووەم: دیاری كردنی چەمكەكان

### 1. رشتەی مرواری

رشتەی مرواری یەكێك لە گرنگترین بەرهەمەكانی عەلائەدین سەجادیە.

لە ساڵی 1957 وە دەستی پێكردوە و تا ساڵی 1983 درێژەی كێشاوە و لە هەشت بەرگدا بڵاو كراوەتەوە. لەو كتێبەدا هەزاران جۆك و نوكتە و بەسەرهات و شێعری پێكەنینی و قسەی نەستەق و پەندی پێشینیان پاراستراوە.

### 2. عەلائەدین سەجادی

عەلائەدین سەجادی نووسەرێكی كوردی سەدەی بیستەمە. لە ساڵی 1907 لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە دایك بووە. لە ساڵی 1938 ئیجازەی زانستە ئیسلامیەكان و زمانی عەرەبی لە سلێمانی وەرگرتووە. زۆربەی تەمەنی لە شاری بەغدا ژیاوە.لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا گۆڤاری (گەلاوێژ) و (نزار)ی بەڕێوە بردووە.

لە 1959 دا بۆتە مامۆستای زانكۆی بەغدا لە كۆلێژی زمان. لە ساڵی 1970 دا دەبێتە وەزیری ئەوقاف و لە ساڵی 1997 دا خانەنشین دەكرێ.[1]

مامۆستا عەلائەدین سەجادی خاوەنی دەیان كتێبی بەهێز و بەناوبانگە. "رشتەی مرواری" كە لە 8 بەرگدا چاپ و بڵاو كراوەتەوە، لە كۆكردنە و نووسینی ئەوە و ئامانجی ئەم توێژینەوەیەیە.

### 3. ڕوانگەی عەلائەدین سەجادی

عەلائەدین سەجادی لە پێشەكی بەرگی سێیەمی "رشتەی مرواری" دا كە لە ساڵی 1958 دا چاپ و بڵاو بۆتەوە:"ئێمە وتمان خوێندەواری چرای ژیانە،ئەبێ ئەوەش بچێتە دڵمانەوە كە ژیانیش بە خوێندەوارییەوە ژیانە. ژیان هەر خواردن و نووستن نییە. ژیان ئەوەیە كە لە ئاستی خۆی ئەبێ هەست بەوە بكا كە بۆ بەرزی قەومی خۆی ئەبێ بژی. بۆ ئەوە بژی كە قەومەكەی بەرز ببێتەوە. قەومیش بەرز نابێتەوە، تا خوێندەواری نەبێ. خوێندەواریش نابێ تا بە زمانی خۆی نەخوێنێتەوە. كورد كە بە كوردی خوێندی ئیتر خۆی بۆ خۆی ئەبێ. خوێندنی ڕەمەكی كورد ئەوەیە كە بزانێ كوردە".[2] كەواتە لە ڕوانگەی عەلائەدین سەجادی "رشتەی مرواری" بێجگە لە تۆمار كرنی ڕووداوە كۆمەڵایەتیەكان و خستنە پێكەنینێكی خوێنەر، پاراستنی زمان و فێر كردنی كوردی بە میللەتی كوردە.

### 4. كۆمەڵناسی ئەدەبیات

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لوسین گۆڵدمەن وەك یەكێك لە تیۆریڤانانی كۆمەڵناسی ئەدەبیات پێی وایە"كۆمەڵناسی ئەدەبیات بوارێكە كە زۆر ڕەهەندی توێژینەوەی فرە چەشن دەگرێتە بەر. بۆیە دەبێ باسی مێتۆدی شیكارییەكان بكەین و ڕوونی بكەینەوە كە ناوەڕۆكی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و ناوەرۆكی هۆشیاری كۆیی،(بەرهەمی هونەری و پێكهاتەی زەینی)هاوشێوە و هاوتەراز نین. ئەوەی كۆمەڵناسی ئەدەبیات بە مانا بەرینەكەیەوە،لە هەموو فۆرمەكانی تری ڕەخنەی ئەدەبی جیا دەكاتەوە. ئەم ئێزەیە كە لە داهێنانی هونەریدا،تاك بە تەنیایی مەبەست نییە، بەڵكو بەرهەمەكە هەڵگری جۆرێك هۆشیاری كۆییە،كە هونەرمەند زیاتر و باشتر لە زۆربەی خەڵك پە رداخی دەكاو دەینووسێتەوە".[3]

هەروەها بە پروای زۆر كەس سۆسیۆلۆژیای ئەدەب ئەو زانستەیە كە "پێوەندی لە نێوان كۆمەڵ و پرۆسەی ئەدەبی دادەمزرێنێ و وەسفی دەكات. هەرچەندە كۆمەڵ لە بەرهەمی ئەدەبی كۆنترە، بۆیە نووسەر گرێدراوی كۆمەڵە. هەمدیس ڕەنگدانەوەی حاڵەتەكانێتی و تەعبیری لێ دەكات و هەوڵدەدات بیگۆرێت. كۆمەڵ بە هەموو ڕوویەكانییەوە لە نێو بەرهەمی ئەدەبی دایە.لە میانەی سۆسیۆلۆژیایەك كە سۆسیۆلۆژیایەكیش بۆ جەماوەر فەراهەم دەكات."[4]

لە ڕوانگەی (د.محمد عابدالجابری)شەوە "زانستی سۆسیۆلۆژیا یان سەرجەم ناوبەناو بە دوای هۆكارە دەرەكییەكان دەگەڕێت لە نێو ناوەرۆكی ئەدەبیدا"[5]

كەواتە دەكرێ بڵێین كۆمەڵناسی ئەدەب (ئەو زانستەیە كە بۆتە پردی پێوەندی نێوان(سۆسیۆلۆژیا-ئەدەب) و چاویلكەیەكی كۆمەڵناسانەیە بە سەر دەقە ئەدەبیەكانەوە). كۆمەڵناسی ئەدەبیات، لقێكە لە لقەكانی كۆمەڵناسی گشتی. لە كۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا،وەك بەشێكی سەربەخۆ سەریهەڵداوە وبە بەرهەمەكانی نووسەری هەنگاری (گیورگ لوكاچ) دەست پێدەكات."سۆسیۆلۆژیای ئەدەب وەكو زاراوەیەكی زانستی لە دوو بەش پێكهاتووە، یەكەمیان(societes)بە مانای كۆمەڵ و دووەمیان(logy) بە مانای زانست دێت.هەر دوو برگەكە مانای ئەو زانستەیە كە لە ژێرخان و میكانیزمی كۆمەڵ بە هەموو ڕەوشەكانییەوە دەكۆڵێتەوە".[6]

## بەشی دووەم: توێژینەوەكانی پێشوو

**باسی یەكەم: توێژینەوە عێراقیەكان** (توێژینەوەیەكی كوردی)

### ناونیشان: سۆسیۆلۆژیای شیعری كوردی لە ڕووی ئاكارییەكانەوە

**كۆمەڵگەی نموونەیی:**

شیعری كوردی لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم ، كۆمەڵگەی نموونەیی ئەو توێژینەوەیەیە.

كەی:

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا نامەیەکی دکتۆرایە و ساڵی 2005 پێشکەش بەکۆلێژی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەددین کراوە و لە نووسینی ئازاد عەبدالواحید کەریمە و لە لایەن یەکێتی نووسەرانی کەرکووکەوە وەك کتێب بڵاوکراوەتەوەو لە وەزارەتی پەروەردە چاپ کراوە.

**ئامانج:**

توێژەر دەڵێ:(مەبەست لە هەڵبژاردن و لێکۆڵینەوە لە بابەتی سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی ئەوەیە،ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا بە دەگمەن لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەنجام دراوە.هەروەها نوێیەتی بابەتەکەش هۆی سەرەکی هەڵبژاردنی بوو.[7]

**میتۆد**:

لە نووسینی ئەو توێژینەوەیەدا پێرەوی میتۆدی(وەسفی – شیکاری) کردووە.

پرۆگرامی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە لایەن توێژەرەوە بە سێ بەشی سەرەکی دا بەش کراوە.

بەشی یەکەم لە ژێر ناوی(شیعر لە نێوان ئایدیۆلۆژی و تێروانینی سۆسیۆلۆژیا)یە. (لەم بەشەدا هەوڵدراوە چەمك و پێناسەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب بخرێتە ڕوو.وێرای دەستنیشان کردنی ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی لە نێوان سۆسیۆلۆژیای ئەدەب و ئەپستمۆلۆژیادا هەیە. هەروەها لە ڕووی مێژووییشەوە قۆناغە دوابەدوای یەکەکانی زانستی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبی جیهانی خراونەتە ڕوو).[8]

بەشی دووەم لە ژێر ناوی( پێوەرە سۆسیۆلۆژییەکانی شیعر)ە.

(لە بەشی دووەمدا چەمك و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی پێوەرە سۆسیۆلۆژییەکان لە ڕووی ئەرك و پابەندنەبوونی نووسەر، یان شاعیر بەو پێوەرانەوە دەستنیشان کراون. هەروەها کاریگەری پێوەرە ئاکاری و ئایینییەکانیش لە شیعری کوردیدا ئەنجام دراون. بەو مانایەی کە پێوەرە ئایینی و ئاکارییەکان لە ئاراستە کردنی ڕەفتارەکانی مرۆڤ و لە بازنەی کردە کۆمەڵایەتییەکان ،دوو جەمسەری تەواو کەری یەکترن).[9]

بەشی سێیەم لە ژێر ناوی(شیعری کوردی لە ڕوانگەی پێوەرە سۆسیۆلۆژییەکانەوە)یە. (ئەم بەشە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکدێت و تایبەتە بە قۆناغی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە شیعری کوردیدا. بە تایبەتی لە ڕووی دیاری کردنی ئەو پێوەرە سۆسیۆلۆژییە شیعرییانەی، کە لە ڕووی بابەتە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانەوە لەو قۆناغەدا بەرجەستە کراون.پاشان ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوانەی لە ئاستی بیری نەتەوایەتی کوردی(لە دوای جەنگی یەکەم) ڕوویاندا، ڕۆڵێکی گرینگیان هەبوو لە گۆڕینی پێوەرەکان بەرەو ئاراستەی بیری نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازی کوردی.

هەرچەندە شاعیرانی قۆناغی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئەوانەی کە لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە پێوەرە کۆمەڵایەتییە(ئاکاری – ئایینی)یەکانیان بەرجەستە کردووە زۆرن، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیەکی کەم وەك نموونە وەرگیراوە).[10]

**گرفتی توێژینەوەکە:**

1) کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی.چونکە بابەتەکە لە ڕووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە بابەتێکی نوێیە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

2) ئەو سەرچاوانەش کە لەو بارەیەوە نووسراون.تەنیا ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە و نووسینی ڕۆژهەڵاتناسەکانە. ئەو زانیارییانەش پاشتر لە بەسەرهاتی هەندێك لە شاعیران لە دیوانەکاندا جارێکی تر دووبارە کراونەتەوە.[11]

**دەرئەنجام:**

توێژەر لە نووسینەوەی توێژینەوەکەی گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە.

**الف) دەرئەنجامە گشتییەکان:**

ئەو بەشەی بە چوار خاڵ دیاری کردووە.

1) ئاڵۆزی پەیوەندییەکان لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵ

2) بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ دەبێ ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی بایەخێکی تەواو بە هاوکێشەی (دەق و کۆمەڵ) بدات.

3) هەرچەندە هەندێك لە ڕەخنەگران سۆسیۆلۆژیای ئەدەب دەخەنە دەرەوەی بازنەی تیۆری ئەدەبییەوە،بەڵام ئەوە هەڵەیە.

4) گومان لابردن لە سەر هەندێك بیروڕا

**ب) دەرئەنجامە تایبەتییەکان:**

ئەو بەشە لە لایەن توێژەرەوە بە شەش خاڵ دیاری کراوە.

1) هەتا ئێستا بابەتێکی سەربەخۆ لە ئەدەبی کوردیدا بە ناوی سسۆسیۆلۆژیای ئەدەب بوونی نییە.

2) ئەو بە هاوپێوەر سۆسیۆلۆژیانەی شیعری کوردی هەمان پێوەر و بەهای شیعری جیهانی و ڕۆژهەڵاتین.

3) پتەوی باوەڕی ئایینی و پابەندبوونی تەواو بە بەها کۆمەڵایەتیە باڵاکان لە نێو شیعری شاعیرانی ئەم قۆناغەدا

4) ڕاستگۆیی لە بەکارهێنانی بنەما ئاکارییەکان

5) ڕوونی دەربڕین و بەکارهێنانی زمانێکی پڕ لە جوانکاری و هەستی پاك

بەردەوامی قۆناغەکانی پێشوو

**دووری و نزیکی لە باسی توێژینەوەکەی من:**

1) هەردوو توێژینەوەکە لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیاوە لە ئەدەب دەڕوانن.

2) کۆمەڵگەی نموونەیی هەردوو توێژینەوەکە سەدەی بیستەمی ئەدەبی کوردییە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

3) له توێژینەوەی دکتۆر ئازاد دا بەرهەمی شیعری کوردی له نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم له بەرچاوگیراوە،بەڵام له توێژینەوەکەی مندا نوکته و قسه خۆشەکانی کتێبی(رشتەی مرواری).

4) نەبوون و کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی گرفتی هەر کەسێکە بیەوێ لەو بوارەدا توێژینەوە بکات.

5) بەربڵاوی توێژینەوەکەی ئەو بە مەبەستی نووسینی نامەیەکی دکتۆرا و کورت بێژی من بە پێچەوانەوە بە هۆی پێوەری دیاریکراوی بەکالۆریۆسە.

**باسی دووەم: توێژینەوە بیانییەکان**

(توێژینەوەیەکی ئێرانی)

ناونیشان: "جامعەشناسی مدیر مدرسە ال احمد" [13] (کۆمەڵناسی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئالی ئەحمەد)

**کۆمەڵگەی نموونەیی:**

رۆمانی(مدیر مدرسە)کە ساڵی(1337) واتەساڵی(1958) زایینی لە تاران بڵاوکراوەتەوە .

کەی:ئەم توێژینەوەیە،لە لایەن(دکتۆر نیعمەت الله فازلی)وە نووسراوە. دکتۆر فازلی مامۆستای کۆمەڵناسی ئەدەبیاتە لە زانکۆی تاران، لە شاری تاران. ئەم وتارەی خۆی لە سایتی(جامعەشناسان ایران) واتە(کۆمەڵناسانی ئێرانی) دا بڵاوکردۆتەوە و هەر ئێستا ئەم توێژینەوەیە لە سەر سایتەکە بوونی هەیە.

**ئامانج:**

توێژەر دەڵێ: "توێژینەوە و شرۆڤە کردنی رۆمانەکانی(جەلال ئال ئەحمەد) بە تایبەتی ڕۆمانی(مدیر مدرسە) ئەوە ئاشکرا دەکات کە نووسەر بە یارمەتی(تێبینی کردن و بەشداری کردن) کە یەکێك لە گرنگترین بەشەکانی ئەنترۆپۆلۆژیایە، چیرۆکەکان و رۆمانەکانی نووسیوە، پاشان دەڵێ: "سەرەتا، هەر بەرهەمێکی هونەری دەبێ بڵێین خاوەن زمانێکی هونەرییە. روانگە و تێگەیشتنی کۆمەڵناسی لە بەرهەمێکی هونەری و شیکردنەوەی شرۆڤەی ئەو لە سەر بنەمای(زمانی زانستی) قەت بە مانای ئەوە نییە کە ئاستی جوانی ناسی و مانای بەرهەمەکان دەرك کرابێ، بەڵکو تەنیا وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری ئێمە لە سەر دەقەکە روون دەکاتەوە).

**میتۆد:**

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا میتۆدی(وەسفی – شیکاری)پەیرەو کراوە.

پرۆگرامی توێژینەوەکە:نووسەر نووسینەکەی بە چەند بەشدا بەش کردووە.

1) سەرەتایەکی کورت لە سەر هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە.

2) گێرانەوەی ناوەرۆکی ڕۆمانی(مودیری قوتابخانە)بە شێوەیەکی کورت کراوە.

3) شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە.

4) ئەو ئەنجامانەی کە بە خۆی لە خوێندنەوەی ئەو کتێبەدا پێیان گەیشتووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**دەرئەنجام**: نووسەر پاش شیکردنەوەی ڕۆمانەکە و وەرگرتنی ئەو بەشانە لە ڕۆمانەکە کە دورخستنی مەبەستی نووسەری رۆمان(جلال ال احمد)یان وەئەستۆ گرتووە،دەگاتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە.

1) گەشەی سیستمی سەرمایەداری سەر بە ڕۆژئاوا لە ئێراندا لەو بەرهەمەدا بەڕوونی ئاماژەی پێکراوە.

2) داڕووخانی سیستمی فیودالی و ئەرباب رەعیەتی لە گوندەکانی ئێراندا

3) گەشەی بەردەوامی شارنشینی و چۆل کردنی گوندەکان(کۆچ لە لادێ وە بۆ شار)

4) مۆدێرنیزاسیۆن و بەرەو پیشەسازی چوونی ئێران

5) یەکسانن نەبوون و تێکهەڵچوونی کولتووری و پێکهاتەی چینایەتی و کولتووری کۆمەڵگەی شارنشینی لە ئێراندا.

6) ئابووری وابەستەی پارەی نەفت

7) گەشە بیرۆکراسی و پێویستی بە هێزی کار و کادیری ئیداری.

8) دواکەوتوویی کولتووری

بە پێرواى دكتۆر فازلی(مدیر مدرسە) ڕۆمانێكە كە دەكرێ بلێین باس لە (قوتابخانەیەك دەكات كە لە واقیعدا بچووك كراوەی ئێرانە و وەك ماكێتێك لە ئێران هاتووە و كۆمەڵێك لە ڕاستییەكانی وەكو،نایەكسانی ئابووری،نایەكسانی كۆمەڵایەتی،هەژاری،بیرۆكراسی(بەلایەنە نیگەتیڤەکەی) ،یاساپێیشێل کردن، لە خۆنامۆبوون لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا، کەڵلە ڕەقی و ویشکە دینی بوونی خەڵك، دژە دین بوونی کۆمەڵێك تا ئێسقان و....... زۆر دیاردەی دیکە ئالی ئەحمەد هەوڵیدا لەو ڕۆمانەدا بیانکاتە تابلۆیەك و لە بەر چاوی خوێنەر ڕوونی بکاتەوە.)[14]

شایانی باسە (جلال ئال ئەحمەد) دە ساڵ پاش بڵاو کردنەوەی ئەم ڕۆمانە،کتێبی(غربزدگی)(ڕۆژئاوایی چییەتی)، یان بڵێن (خۆبزرکردن لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا)ی بڵاوکردەوە کە لە ڕاستیدا هەر ئەو ڕوانگانەی ئەو ڕۆمانەیەتی ئەمجار چڕتر و تێۆری کراوانەتر نووسراونەتەوە.

ئالی ئەحمەد لەو کتێبەدا بەشێکی تەرخان کردووە بۆ باسکردن لە(وەزارەتی پەروەردە) و ڕەخنەیەکی توندی ئاراستە کردوون و باس لە بەرتیل خواردن و گەندەڵی ماڵی لە ناو ئەو بەشەدا دەکات کە بەرێوەبەرانی سەرەوەی ئەو وەزارەتەن. هەروەها باس لە ئەو پەری هەژاری مامۆستایان و قوتابیان دەکات و باس لە خراپی باری قوتابخانەکان دەکات.

هەروەها بە وردی دەری دەخات کە ئەو وانانەی کە منداڵێك لە قوتابخانە دەیخوێنێت، لەگەڵ کۆمەڵگای ئەوسای ئێران یەك ناگرنەوە و قوتابی پاش تەواو کردنی دەرس و قوتابخانە لە ڕاستیدا هیچ شتێك فێر نەبووە کە لە دەرەوەی قوتابخانە بە کەلکی بێ، سەرەرای ئەوە کە تووشی ئیزدیواجیەتی رۆحی هاتووە.

**دوری و نزیکی لە باسی توێژینەوەکەی من:**

1- هەردوو توێژینەوەکە باس لە کۆمەڵناسی ئەدەبیات دەکەن.

2- ئامانجی هەردوو توێژینەوەکە دۆزینەوەی ڕاستییە شاراوەکانی کۆمەڵگایە لە ناو دەقدا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

3- توێژینەوەی من سەرەڕای دۆزینەوەی ڕاستییە شاراوەکانی کۆمەڵگا  گرینگی بە لایەنی نوکتە و تەنزیش دەدات.

4- میتۆدی لێکۆڵینەوەی ئەو توێژینەوەیە (شیکاری-وەسفی)یە، بەڵام من بۆ دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکەم لە لێکۆلینەوەی مەیدانیش کەڵك وەردەگرم.

**بەشی دووەم:**

## ڕشتەی مرواری  لە ڕوانگەری ئەدەبەوە.

**باسی یەکەم: تەنز**

ڕشتەی مرواری لە هەشت بەرگدا چاپ و بڵاو بۆتەوە،کۆکراوەیەکە لەنوکتە و قسەی نەستەق و  بەسەرهاتی پێشینیان و شیعری تەنز و ...تاد.بەڵام زۆرینەی کتێبەکە نوکتە و جۆکەکانە.کەواتە دەکرێ لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی نوکتەوە سەیری ئەم کتێبە بکەین.هەروەها دەکەوێتە خانەی تەنزەوە و تەنزیش وەك بەشێك لەئەدەب هەڵگری تایبەتمەندێتی خۆیەتی و جیا لە بەشەکانی تری وەك چیرۆك و شیعر و ڕۆمان و نۆڤلێتی جددی.

بەو هۆیە کە نوکتە،هەڵقوڵاوی مێشك و زەینی خەڵکی ئاساییە و زۆر جار بووە،نەوە دوای نەوە گوتراوە و لە دەرەوەی کات و شوێن بوونیان هەیە و دانەریان دیار نییە،دەکرێ بڵێین بەشێکن لە فۆلکلۆری هەر نەتەوەیەك و مۆرکی تایبەتی نەتەوەیی لە سەرە.

دیارە زۆر نوکتە هەیە کە جیهانیە و هەموو کەسێك پێکەنینی پێی دێ و بزە دەیگرێ بەڵام زۆرینەی نوکتەکان تایبەتمەندی ناوچەی دیاری کراوی خۆی پێوە دیارە بۆ نمونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێك چای دەخۆنەوە،خەڵك بە گشتی بە قەندەوە دەیخۆنەوە واتە بە دیشلەمە دەیخۆنەوە،ئەگەر نوکتەیەك لە سەر چایی خواردنەوە هەبێ باسی(قەند) دەکرێ،بەڵام لە باشووری کوردستان چایی بە (شەکر)ەوە دەخورێ کەواتە ئەگەر نوکتەیەك لە سەر چایی خواردنەوە هەبێ باس لە (شەکر) بە مانای (شەکرەوردە)دەکرێ،دەتوانین ئەوە بکەینە پێوەرێك بۆ شرۆڤەی ئەوەیکە ئایا نوکتەیەك کە لە دوو پارچەی کوردستان ئاوا لێك دەدرێتەوە،ئاخۆ ئەگەر لە وڵاتێکی وەکو رووسیە کە پڕە لە بەفر و سەرما بۆ وڵاتێکی وەکو سودان کە سەحرا و گەرمایە بگوازرێتەوە،خەڵکی تا چەند پێکەنینیان پێی دێ و بزە دەیان گرێ.

کەواتە نوکتە سەرەڕای ئەوەیکە دەکرێ جیهانی بێ،دەکرێ زۆریش ناوچەیی و لۆکاڵی بێ، بۆ نموونە  نوکتەیەك کە باس لە سەردەمی کشتوکاڵ دەکات، زەحمەتە لە سەردەمی ئەنتەرنێت و مۆدێرنیتەدا ئەوەندە چێژی لێوەربگری کە جووتیارێکی پێنج سەد ساڵ لەوە پێش و تەنانەت پەنجا ساڵ لەوە پێش چێژی لێوەردەگرت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نوکته و جۆك به تایبەتی و تەنز به گشتی تەنیا بۆ پێکەنین نییە،بەڵکو(تەنز ئامرازێکە بۆ ئاگادار کردنەوە و هۆکارێکە بۆ جووڵە و حەرەکەت لە دۆخی ئێستا بەرەو دۆخێکی باشتر هەروەها ڕەخنەیەکی تاڵە لە لادانە کۆمەڵایەتیەکان وکەموکورییەکانی ژیان کە لە لای خەڵك بۆتە شتێکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە).[15]

زۆر جار تەنز وەك ئەدەبی سیاسی چاو لێدەکرێ و ڕەخنەیەکی شاردراوەیە کە لە دەسەڵاتە زاڵم و سەرەڕۆکان دەگیرێ.ئەو نوکتانەی کە لە سەر داگیرکەرانی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە زۆرتر دژ کردەوەیەکی شاراوەیە بۆ سووك کردن و داخی دڵ ڕشتن.

تەنز ئەو بەشە لە ئەدەبە کە ئامانج دارانە دەنووسرێ و زۆربەی کات مەبەست گەلێکی کۆمەڵایەتی، ئایینی و تەنانەت ئابووریشی لە پشتە.

ژیان بێ پێکەنین و شادی،مەرگەساتە و بیستنی نوکتەیەکی خۆش دەتوانێ بۆ چەند خولەکێکیش بێ پشوویەك و حەسانەوەیەك بێ و کۆڕ و مەجلیسەکان بڕازێنێتەوە.پێکەنین لە باری زانستیشەوە سەلمێنراوە کە تەمەن درێژتر و ڕووگەشاوەتر و دڵفراوانتر دەکات و پتر ئامادەمان دەکات بۆ بەردەوام بوون و ئەکتیف بوون لە ژیانی ئاسایدا.مامۆستا عەلائەدین سەجادی ماوەیەکی باشی تەرخان کردووە بۆ کۆ کردنەوە و ئامادە کردنی (ڕشتەی مرواری) تۆ بڵێی بە بەلاش و بێ مەبەست ئەو کارەی کردبێ؟

لە پێشەکی بەرگی یەکەم دا دەڵێ:"هیچ ئامانجێکم نییە تەنیا پاراستنی زمانی کوردی نەبێ".پاشان دەڵێ:"ئەدەب پەردەی ژیانی کۆمەڵە کە شان بە شانی هاتۆتە خوارەوە،ژیری و زەینی پێشان ئەدا، رابواردن و هەڵسوکەوتیان ئەخاتە ڕوو. ئەو پارچە قسانە وەکو لە ڕواڵەت ساویلکەن،لە مەعنادا زۆر شت ئەگەیەنن. ئاسمانی مەعنایان گەلێ بەرزترە لەو ئاسمانە کە تیایادا دەرئەکەون".[16]

لە پێشەکی بەرگی پێنجەمدا سەبارەت بە تەنز دەڵێ:

"ئەدەب هەر ئەوە نییە کە نووسراوە و هۆنراوەیەك بێ کەوتبێتە ژێر پەردەی مەعنایەکی ڕەقەوە، بەڵکو بەشێکی زۆر لە ئەدەب،ئەو ئەدەبە فۆلکلۆریانەن کە بە زمانێکی سادە و ساویلکە وتراون و ئەوترێن".[17]

### باسی دووەم: فولکلۆر و قسەی سەرزارەکی

(هەموو لێکۆڵینەوەیەك لە ئەدەبیاتی کورد دەبێ لە پێش هەموو شتێك دا لە سەر فولکلۆری ئەو نەتەوە بکرێ کە نەك هەر میراتێکی زۆر دەوڵەمەندی پشتاو پشتی ڕابردووی پێگەیشتووە هێزی گەشە و خووڵقاندن لە ناو خۆشیدا شك دەبا کە هەمیشەش لە نوێ کردنەوە دایە) [18]

فولکلۆر چیە و بۆچی دەبێ هێندە گرینگ بێ کە واسیلی نیکیتین(نووسەری ڕووسی فەرەنسی نووس) کە ساڵانی1918-1915 کە وەك کۆنسەلی حکومەتی تەزاری لە ورمێ بووە ئاوا پێداگری لە سەر دەکات و وەپێش هەموو لێکۆڵینەوەکانی تری دەخات؟

دکتۆر عیزالدین مستەفا رەسووڵ پێی وایە کە فولکلۆر :"بریتیە لە ،جلوبەرگ،چێشت،ئامێر و ئامرازی کارکردن، جۆری بینا درۆست کردن،گوڵی مافور و تەنانەت چەشنی پێوەندی کۆمەڵایەتی خەڵك دەگرێتەوە،لە ڕاستیدا فولکلۆر شوناسی نەتەوەیەك و جیهانبینی و بیرۆکەی نەتەوەکەیە"[19]

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەردی بناخەی پێشکەوتن چ بۆ مرۆڤ و چ بۆ کۆمەڵگا خۆناسین و شارەزا بوون لە ئاست و توانایەکانی خۆیەتی.کەواتە پردی پشت سەری ئەمرۆکەمان دوێنێمانە و ئەمڕۆش سبحەینێ دروست دەکات.فولکلۆر جیهانی رابردووی ئێمەیە.دیارە ناکرێ و نابێ ئێمە هەر لەو قۆناغەدا بین و تێیدا چەق ببەستین،بەڵام ناسین و دەوڵەمەند کردنی فولکلۆر ئەرکی سەر شانی هەموو نەتەوەیەکە،قۆناغەکانی مێژووی ئێمە بە تایبەتی زۆر نین"تێکرای کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیەکان تێکەڵاوییەکی ئاڵۆز لە پێکهاتەی کۆمەڵگایاندا هەیە و بەدی دەکرێ.قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی تێك ئاڵاون و سنوورێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بە ئاشکرا نابینرێت بە مانایەکی دی هەر قۆناغە و سیمای بنەڕەتی خۆی هەڵنەگرتوە"[20]

تێکەڵ بوونی قۆناغەکانی گەشە لە لای ئێمە ڕەنگە هۆکاری سەرەکی بگەڕێتەوە سەر لایەنی سیاسی لە کۆمەڵگای کوردیدا و نەبووونی کیانێکی سەربەخۆ، بەڵام ئەوە لایەنی باش وپۆزەتیڤیشی بووە،بۆ نموونە تا ئەورۆکەش بەیت و لاوك و حەیران ماوە و لە پەنا پۆپ و راك و جاز دا گەشە دەکەن.هەروەها لەوانەیە لە پەنا زانکۆیەکی ئەمرۆییدا هێشتاش لە مزگەوتێکی تەنیشتی بە شێوەیەکی کۆن و بە سیستمی رابردوو مەلاکان وانە بە فەقێکان بڵێنەوە.ئەو تێك ئاڵانە لە پاڵ لایەنی باش، لایەنی خراپیشی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە نەمان توانیوە لەو قۆناغانەی ڕابردوو بە تەواوی جیا بینەوە و هێشتاش کۆڵەکەی ژیانمان بەشێکی نەریت و فولکلۆر و ژیانی شوانکاری و عەشیرەت داگیری کردووە. کەواتە ناسینی ئەدەبی سەرزارەکی و فولکلۆر، ڕێگەیەکە بۆ هاتنە ناو دنیای راستەقینەی ژیانی خەڵك. لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا، دەبێتە پشتیوانی ئەدەب و کۆمەڵناسی و مرۆڤ ناسی و دەیان لق و پۆپی زانستی.

ئەدەبی کوردیش وەکو ئەدەبی گشت نەتەوەکانی دنیا پێکهاتوویەکە لە حەکایەت و چیرۆك و بەیت. لەو حەکایەتانەدا مرۆڤی کورد بە دوای پرسیارە سادەکانیەتی کە لە سەر سروشت و لە سەر خۆی بۆی هاتۆتە پێشێ و گرێیداوە بە دێو و درنج و جنۆکە و خوا جۆراوجۆرەکانی باو ئاگر و باران و ...تاد.لە چیرۆك و بەیتەکاندا باس لە پاڵەوانەکانی خۆی و دڵداریەکانی خۆی و باس لە رووداو و کارەساتە مێژوویی و سروشتیەکانی نەتەوە دەکات، هەروەها دەکرێ باس لە وتە بە نرخەکانی پەندی پێشینیان و مەتەڵ و نوکتە و جۆکە پێکەنیناوییەکان بکەین ئەوە سەرەڕای دەیان یاری وەك میرمیرێن و مێشێن و دایە مەمدە بە گورگە و جۆرایێن و دەیان و سەدان بۆنە و جەژن و دابونەریتی تایبەت کە بەشێکی گرینگن لە پێکهاتەی فولکلۆری کوردیدا.

**باسی سێیەم: کارەکتەر**

کارەکتەری سەرەکی لە (رشتەی مرواریدا) کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە مامۆستاکانی ئایینی، یان ڕوونتر بڵێین (مەلایە)، زۆربەی نوکتەکان ئاوا دەست پێدەکات،(جارێك مەلایەك...) (فەقێیەکی قۆشمە دەچێتە...) (فەقێیەکی شێت هەبوو لە ناوجافدا...) (مەلایەك هەبوو لەو دەشتی دزییە...) (فەقێیەکی ئەو موکریانە بە ناوبانگی مەلای قەرەداخەوە بە سەر سولەیمانیدا دێت و...)مامۆستا عەلائەدین سەجادی بە خۆی مامۆستای ئایینی بووە و مەلایەتی کردووە و لە نزیکەوە ئاگاداری وەزعی مەلاکان بووە، دیارە منیش وەك توێژەری ئەو توێژینەوەیە لە بنەماڵەیەکی ئایینی دا گەورە بووم و تا ڕادەیەك ئاگاداری ژیانی مەلا و فەقێ کانی کوردستان هەم.

.بە درێژایی مێژووو ئەگەر میر و ئاغا و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان و چەتە و دزان خەڵکیان ڕووت کردۆتەوە و سەرانە و مالیات و زەریبە و باجی سمێڵیان لە خەڵك وەرگرتووە، لە پاڵ ئەوانیشدا خەڵك ترشیان باو شیرینیان با، چینێکی دیکەش هەبوون کە دەبوایە خەڵك لە بچووکیەوە کە فەقێ بوون تا گەورە دەبوون و دەبوونە مەلا بە خێویان کردبوایەن و پاشان مەلاکانیش کە دادەمەزران هەر لە لایەن خەڵك و ئاغاوە دادەمەزران و زۆر جار دەبوونە گۆپاڵ بە دەستی ئاغا و دەزگای میر و بەڵێ قوربان گۆی ئەوان دەبوون و دەمڕاستی هەر ڕووداوێك دە بوون بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قازانجی خاوەن پارە و زۆرداران، ئەو وێنەیەی کە لە سەرەوە باسم کرد بەشێك لە مەلاکان دەگرێتەوە و هەر ئێستاکە ئەم وشانە دەنووسم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەوەیکە دەسەڵاتێکی دینی کە لە لایەن مەلاکانەوە هەڵدەسووڕێ بە گشتی بە سونە و شیعە و موسڵمان و ناموسلمانەوە دەمانچەوسێنێتەوە.

کۆمەڵێك مەلا و فەقێ هەن کە ڕوویان لە دەسەڵاتە و پشتیان لە خەڵکە,یان بوونەتە ئەلقاعیدە و بانگەشە بۆ سەلەفیەت دەکەن و بەرەو توندڕەوی ئیسلامی و ئایینی خەڵك هان دەدەن و زۆرینەی کورد بە کافر دەزانن و کەمینەیەك کە لە گەڵ بۆچوونی ئەوانە بە خواپەرەست دادەنێن.من پێم وایە بەشێك لەو نوکتە و جۆکانە کە بۆ مەلا نووسراوە تۆڵەیەکی کۆمەڵگایە لەو چینە.بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە زۆر جار مامۆستایانی ئایینی تەنیا سەرچاوەی زانست و فێر بوون بوون و حوجرە تەنیا تروسکایی ناو تاریکستانی کوردستان بووە.

هەروەها چەندین کەسایەتی بزوتنەوەکانی کورد مەلا بوون و خەڵکیان بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان ڕێبەری کردووە..مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە سەر کارەکتەری مەلا لە پێشەکی بەرگی یەکەمدا ئاوا دەنوسێ:"ئەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە لە ناو کوردا"مەلا"دەستەیەکی دیار و ئاشکرا بوون، بەرەی خوێندەوار و زانیار هەر ئەوان بوون.لە هەموو وەختێکا و لە هەموو شوێنێکا بە پەنجە، پەنجەیان بۆ ڕاکێشاون.ئەم دەستەیە لە ناو مەردما تا ئەو پەڕی، بەرچاوی گەورەیی و ڕێز لێ گیراوییەوە تەماشا کراون.لە ئیشی بچووك و زلدا پرس بە وان کراوە و ئەوان پرپویانەتەوە.

تەنانەت ناوی "مەلا" بە جۆرێك بەرز بوەتەوە ناوی هیچ چینێکی تر نەبووە بەرانبەری بە ناوی ئەوان بکا.لە بەر ئەمە ناوی ئەمان لە سەر زمانی گەورە و بچووك بووە.فەرمانێ کە ئەمان دایێتیان گێرانەوەی نەبووە جا بەم بۆنەوە هەچ کار و فەرمانێك بوویێت دراوەتە پاڵ ئەوان و وتوویانە"مەلا وای وتووە"یا"مەلا وتەنی"وتنی ئەم ناوە لە سەر زمانی خەڵك، هەمووی نیشانەی خۆشەویستی و گەورەیی ئەوان بووە,وەکوو چۆن لە ماڵێکا خێزان و ماڵ و منداڵی ئەو هەر کامیان هەستن و هەر قسەیەك بکەن بۆ ئەوە کە ئەو ئیشە ئیتر کێشەی تێدا نەبێ هەر ئەڵێن"باوکم وای وت"یا"باوکم وتی"، دیارە ئەم رستە نیشانە و بەڵگەیە بۆ گەورەیی باوکەکە لە بەر چاوی خێزانەکەوە. وتنی ناوی"مەلا"یش لە بەر چاوی تێکرای مردمەکەوە ئەم سەمەرەیە بووە. بۆیە لە زۆر شوێنی سەرگوزەشت و قسەی کوردیدا وشەی"مەلا"پاڵەوانی سەرگوزەشتەکەیە"[21]

دیارە بێجگە لە کارەکتەری مەلا گەلێك کارەکتەری دیکەش ناوییان دێ بۆ وێنە،حاجی،کابرای گوندی،دوکاندار،ئاغا ،....تاد.

داڕشتنی کارەکتەر لە نوکتەدا وەك داڕشتنی کارەکتەر لە ناو ڕۆمان و چیرۆك دانییە،لە ناو ڕۆمان و چیرۆکدا دەبێ کارەکتەر بە پێی شێوازی نووسینی نووسەر کە (کلاسیکە،ریئالیزمە،دادایزمە،مۆدێرنە)، یان (پۆست مۆدێرنە) دەگۆردرێ.

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە ناو نوکتە و جۆکدا بەو شێوەیە ناچێتە ناو بنچ و بناوانی کارەکتەرەوە بە شێوەیەکی ئاسایی دەگوترێ،(مەلا محەمەدی کانی وتمان)ئیتر، بەرزی باڵای و ڕەنگی پرچ و تەمەن و...تاد لە ناو نوکتەدا گرینگی پێنادرێ و مەرجی سەرەکی نین.

**باسی چوارەم: شیکردنەوەی زانیارییەکان**

کۆمەڵناسی ئەدەبیات لە ناو بنەماڵەی گەورەی کۆمەڵناسیدا لەوانەیە لە گەنجترین پەشەکانی ئەو زانستە بێ، کە بە داخەوە تا ئێستاش لە ناو ئێمەدا بەو جۆرەی کە دەبێ نەناسراوە و ئیشی پێ نەکراووە.لەوانەیە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕۆژنامەکانی ئێمە پڕ بێ لە ناوی (لوکاچ) و (لوسین گۆڵدمەن) و (واڵتێر بنیامین) و (ئادرنۆ)....تاد. بەڵام بە کردەوە گرینگیمان بەوە نەداوە ئەو زانایانە چیان گوتووە و ئێمە وەك بەشێك لە ڕێبوارانی ئەو زانستە ئەرکمان چیە؟

راڤەی دەقی ئەدەبی و شی کردنەوەی لایەنە ئابووری و کولتوری و کۆمەڵایەتیەکانی دەق و هەڵێنجانی مانای ڕاستەقینەی دەق کە لە ناو تۆزی نەناسراویدا شاردراوەتەوە، ئەرکی کۆمەڵناسی دەقە.(دیارە کۆمەڵناسی ئەدەبیات تەنیا دەق ناگرێتەوە، بەڵکو بەشی 1- بەرهەم هێنانی ئەدەبیات بە مانا فراوانەکەی (نووسین) 2- بڵاوکردنەوە (دەزگا،چاپخانە، کتێبفرۆشی) 3- بەکارهێنەر (خوێنەر) دەگرێتەوە)[22]

ئەو توێژینەوەیە تەنیا ڕەهەندی بەرهەم هێنان واتە(نووسین) لە بەر چاو دەگرێ و بە شێوەیەکی شی کارانە، لە سەر نوکتەکانی کتێبی "رشتەی مرواری" لە روانگەی کۆمەڵناسی ئەدەبیاتەوە دەدوێ. ڕەنگە ئەگەر هەموو ڕەهەندەکانم لە بەر چاو بگرتبوایە هەم کاتَکی زیاتری بوویستبوایە و هەم لە دەرەوەی تاقەتی ئەم توێژینەیەدا بوایە.

دوو چەمکی (رۆحی سەردەم) و (رۆحی نەتەوەیی) بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1800 لە ناو کۆڕی برادەرەکانی مادام دوستال لە ئەلمانیا لە دایك بوو.ئەو چەمکانە دەکرێ بە شێوەی(نەتەوە،شوێن،کات)شی بکەینەوە کە کۆی ئەم سێ شتە،پێکهێنەری ئەدەبە)[23]

1- **شوێن**:

ئەگەر لەوسێ ڕەهەندە بمانەوێ ئەو نوکتانە سەیر بکەین،زۆرینەی نوکتەکان لە سەر نەتەوەی کوردە و باسی کورد دەکات، بۆ نموونە(کابرایەکی کورد ژنێکی هێنا،لەبەر ئەوە کە حیز بوو، عەشیرەتەکەی پێیان تەڵاق دا.لە دوای بەینێ ژنێکی تری هێنا، دیسان هەروەها.دوایی گەڕا، گەڕا لە ماڵە گەورە کارکەرێکی هێنا. زۆری پێ نەچوو لە قەراخ چەم شوانێکیان بە سەرەوە گرت. لە ئاواییدا بوو هەرا. مەحمو پاشا مێردەکەی بانگ کرد و وتی: کەرانباوگاو ئەمە چیە یەکێکت هێنا حیز بوو، دووت هێنا حیز بوو، سێت هێنا حیز بوو، چیە بۆچ وایە؟ کابرا زۆر دڵگران بوو وتی: پاشا بێژم چی؟ لەم تاڵهە رەشەی من هەمە، وەو قورعانەی تۆ خوێندگتە کەیخسرەو بەگی کورت بەو هەموو ڕەشادەت و پیاوەتیەوە بوێ وەژنی من حیز ئەوێ. تالهم خراوە.بێژم چی؟)[24] هەر لە سەرەتای ئەو نوکتەیە دەڵێ(کابرایەکی کورد) کەواتە نەتەوەکە دیاری دەکات، کە باسی نەتەوەی کوردە و شوێنەکەشی کوردستانە. پاشان دەڵێ لە بەر ئەوە کە ژنەکەی حیز بوو عەشیرەتەکەی پێیان تەڵاق دا، کەواتە سیستەمی عەشیرەت زاڵە و دەتوانێ ژن بۆ تاك بێنێ و ژنی پێ تەڵاق بدات. پاشان دەڵێ مەحمو پاشا بانگی کرد دیسان دەردەکەوێ ئاغا و رەعیەتی حاکمە .

**لەوە ڕوونتر لەوە نوکتەیەدا:**

(رەفیق ئەمین وتی: لەو وڵاتی ئالانە پیرەژنێك ئەبێ ئیشی هەر چیلەکە کێشان ئەبێ و لە گەڵ کچانا ئەچوو. هەموو جار رووی ئەکردە کچەکان ئەیوت: هاورێکانم با بچین بۆ چیلەکەمان. خۆی ئەبردە ریزی ئەوان. کابرایەکی پیر کە کۆنە هاورێی پیرەژنەکە ئەبێ و ئەم قسەیەی گوێ لێ ئەبێ، روو ئەکاتە پیرێژنە و ئەڵێ: "پرتی قوونت نەماوە و بە قوزی کچان دەمیزی")[25]

شوێن لەو نوکتەیەدا(وڵاتی ئالانە) دیارە ئەو نووسینە کۆنە و نوکتەش لانی کەم تەمەنی پەنجا ساڵ پترە، چونکە ئێستا هەمووومان دەزانین (وڵاتی ئالانە)

ناوچەی ئالانی سەردەشتە و کەس ئێستا نالێ(وڵاتی ئالان)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دیارە بێجگە لە خاڵی(شوێن) کە لەو نوکتەیەدا بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە، زۆر شتی دیکەش لەو نوکتەیەدا حەشار دراوە کە دەکرێ باسیان بکەین و شایانی بیر لێکردنەوەن.بۆ نموونە دەکرێ باس لە دیواری کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین  کە لە نێوان نەوەکاندا دایناوە و پیرێژنێك مافی نییە لە گەڵ کەم تەمەنتر لە خۆی برادەرایەتی بکات و بگەڕێ، دەنا تەعلیقی پێدا دەدەن و گاڵتەی پێدەکەن.

هەروەها ئەگەر لە باری دەروونناسیەوە پروانینە ئەو نوکتەیە، باس لە تاکێکی کۆمەڵگەی کوردی دەکات کە تووشی گرێیەکی دەروونی بووە و ئامادە نییە قبوڵی پیر بوونی خۆی بکات و ئاواتی ئەوەیە وەکوو گەنجەکان چاوی لێبکرێ و ئاواش چاو لە خۆی دەکات.

(جارێك مەولەوی لە شاری سنە لە کۆڕێکا دائەنیشێ، لێی ئەپرسن: تۆ هەر ئەڵێی هۆزەکەم خۆشیان ئەوێم، بەگەورەم دائەنێن، بە چیا پێشانی ئەدەی کە راست ئەکەی؟ ئەویش ئەڵێ: خۆ ئەگەر هیچ نەگێرمەوە ئەوە بۆ من بەسە کە هەورامیەك بارێکی ئێجگار گران لە کەرەکەی ئەنێ و ئەیەوێ بە سەر کێوی ئاریز دا سەری خا و کەرە مان ئەکا و ناڕوا. پێی ئەڵێ:"هەچە دەی هەچە!بەخوا ئەگەر مەولەویش بیت هەر سەرت ئەخەم" [26]

لەو نوکتەیەشدا بێجگە لە ئەوەی کە پێکەنین دەخاتە سەر لێومان باسی ئەو زاتەش دەکات،بەڵام ئەوەی کە شایانی باسە دیاری کردنی شوێنە واتە(سنە).

یان لەو نوکتەیەدا کە بە روونی ناوی شاری سولەیمانی دێنێ و دەڵێ: (کابرایەکی کورد لە سولەیمانی گەماڵێك پەت ئەکاو ئەیبا بۆ خێڵەکەی خۆیان. لە ناو شارا کابرایەکی شاگرد، قەسابی تووش ئەبێ، پێی ئەڵێ ها کاکە ئەوە باوکت بۆ کوێ ئەبەی واپەتت کردوە؟ ئەویش بە بێ وەستان ئەڵێ:"دایکتی گاوە ئەیبەم غوسلی دەرئەکەم")[27]

دیارە لە کۆنداو تارادەیەك تا ئێستاش گەماڵ و سەگی مێگەل وەك بەشێك لە ئیشی شوانکاری خاوەن بایەخە و گاڵتە پێ کردنی شاگرد قەساب وەڵامی شیاوی پێدراوەتەوە .

2- **کات**:

(شێخ عەزیز بۆی گێرامەوە وتی: ساڵێك مافەتەیێك لە عێراق کەوتبۆوەوە، باو باوی (بژی بژی) و چەپڵەبوو خەڵك ئەیاندا لە چەپڵەو ئەیانوت"بژی گەل، ڕۆڵەی گەل عەبدەالکەریم قاسم"بەو هۆیەوە کار و باری عێراق بە تەواوی تێك چوبوو، دوو پیاوی پەرپووتی هەژار بوون لە هەولێر یەکێکیان ناوی(پیر داوود) ئەوەی کەیان (مارفە شەل)یان پێ ئەوت. ئەمانە لە وڵاتی هەولێر بون بە پێشرەوی ئالەمەکە. رۆژ ببو بە رۆژی ئەوان. دەستەیەکی تر کە ئەو رۆژە جەوری لێ کردبون، ئەمەیان بۆ پیر داوود و مارفە شەل هەڵبەستبوو ئەیان وت:بژی گەل، ڕۆڵەی گەل، پیير داوود و مارفە شەل"[28]

لەو نوکتەیەدا سێ خاڵی بەر چاو دەبیندرێ. یەکەم وڵاتەکە عێراقە دووەم شارەکە هەولێرە، سێیەم سەردەم سەردەمی عەبدوالکەریم قاسمە کە نە تەنیا کورد بەڵکو هەموو گەلانی عێراق دڵیان پێی خۆش بوە و بە دڵ و بە گیان خۆشیان دەویست. بەڵام بێجگە لەو سێ خاڵەش باس لە دوو چینی جیاواز دەکات کە لەو سەردەمەدا بوونیان بووە یەکەم چینی هەژاران کە پێیان وابووە دۆخەکە گۆڕاوە و لەوانەیە گۆڕانێکی بنەرەتی بێتە ئاراوە و ژیانی وانیش گورانێ بە سەر دابێت.(مارفە شەل و پیر داوود)نوێنەرایەتی ئەو چینە دەکەن و لە پێشەوەی خوێپێشان دانەکانن. دووەم چین ئەوانەن کە وەزعەکەیان بە دڵ نییە گاڵتەیان پێ دەکەن .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(له شەڕی 1914-1918 خەڵكێكی زۆریان نارد بۆ شەڕ، لەمانە گەلێكیان كورد بوون. له (شوعەیبە) شكابوون، گەڕابوونەوە بەغدا. یەكێ له كوردەكان ماینەكەی كوژرا بوو. به پێ ئەڕۆی بەڕێدا، له بەر خۆیەوە هەر ئەیوت:"دەخوا بتگرێ سوڵتان رەشاد!تۆ كه بەغدات هەیە ئیتر بەسرەت بۆ چییە واشەڕی له سەر ئەكەی و ئەو عالەمە به كوشت ئەدەی؟)[29]

ئەو نوكتەیە خاوەن گرینگیەكی تایبەتە، چونكه باس له شەڕی یەكەمی جیهانی دەكات. لەو شەڕەدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی رووخێنراو چەند وڵاتێكی وەكو توركیە و عێراق و ...لەو ئیمپراتۆریەتە دروست بوون. به داخەوە لەو شەڕەدا سەرەڕای هەوڵەكانی ژنراڵ شریف پاشا له پاریس و شێخ مەحموودی حەفید له كوردستان، كورد نەیتوانی دەسكەوتێكی هەبێ و وەك بەشێكی لكێنراو به وڵاتێكی عەرەبیەوە(عێراق) له پاش شەڕی یەكەمی جیهانی مایەوە.

ڕەنگه هۆكاری سەرنەكەوتنی هەوڵەكانی كورد له شەڕی یەكەمی جیهانیدا زۆر بن بەڵام هەروەك لەو نوكتەیەدا دەیبینین ناهۆشیاری تاكی كورد و ئاگادار نەبوون تەنانەت تا ئەو ئاستەی كه بزانێ شەڕەكه له سەر چیە، یەكێك له هۆكارە سەرەكیەكانی ئەو شكستەی نەتەوەكەمان بووە.

زۆر جار به ناوی دینەوە له لایەن ئیمپراتۆریی(عەباسی-سەفەوی-عوسمان و..) كورد كەوتۆتە داوی شەڕی بێگانه و تەنانەت براكوژیەوە، بۆ نموونه له شەڕی میر محەمەدی رەواندزدا دەوری(مەلاخەتێ) لەو شكستەدا زۆر بەر چاوە بەڵام لەونوكتەیەدا كه دەڵێ:

(له شەڕی 1336 هیجری كه شەڕی ڕووس و تورك كرا چەند كەسێ له عولەما بۆ ئەوەی خەڵك بنێرن بۆ شەڕ، چووبوون بۆ ناو عەشیرەتی(مەنگور و مامەش) له دیوەخانی حەماغای مامەش، رەئیسی عەشیرەتەكان وەكو هەمزاغای مەنگور و حەمەمین ئاغای بڵباس و هی تریش كۆ ئەبنەوە.یەكێ له مەلاكان وەعزیان بۆ ئەخوێنێ .ئەڵێ:ئەمە غەزایە و پێویستە له سەر موسڵمان بیكا. هەر كەس بچێ ئەگەر بكوژرێ شەهیدە، پایەی شەهادەت زۆر گەورەیە، خۆ ئەگەر نەشكوژرێ ئەگەر بكوژرێ پایەی غازیش دیسان زۆر گەورەیە. كه مەلا لێ ئەبێتەوە كوێخایەكی بڵباس هەڵئەستێ و ئەڵێ "مامۆستا، ئەگەر خوا ئارەزوو بكا هەرچی رووس هەیە به سەعاتێك ناتوانێ بیانكوژێ؟"مەلا ئەڵێ:بەڵێ ئەتوانێ. كوێخا ئەڵێ: ئینجا خوا كه خۆی پێی ئەكرێ بۆچی خۆی هەموویان ناكوژێ و بۆچ فتنەكه به ئێمە ئەگێڕێ؟")[30]

خۆ رەنگبێ مامۆستا سەجادی بەو تێڕوانینەی ئێمەوە ئەو نوكتەیەی تۆمار نەكردبێ، بەڵام ئەو نوكتەیە باس له سەرەتایەك دەكات بۆ وەخۆهاتنەوەی كورد له بەرامبەر چەواشەكارییەكاندا و ناوی هەمزاغای مەنگور دێنێ كه یەكێكه له پاڵەوانەكانی شۆرشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری.

### 3- هزری كۆمەڵایەتی:

رشتەی مرواری به سەدان نوكته و قسەی خۆشی تێدایه كه باس له هزری كۆمەڵایەتی و گرفت و باس و خواسەكانی كۆمەڵایەتی دەكەن. بۆ نموونه سەیری ئەم نوكتەیه كه باس له ناوبژیوانی خراپ دەكات.

)كابرایەك چووە لای مەلایەك پێی وت: قوربان ژنەكەم له گەڵم خراپە، پیاوی چاكبه بەڵكو تۆزێ ئامۆژگاری بكەی و كردەوەی له گەڵم چاك ببێ. مەلا هەستا چووەماڵیان و ژنەی بانگ كرد و پێ وت:"خوشكم!شەرع ئەفەرموێ ژن ئەبێ له ژێر فەرمانی مێردی خۆیا بێ، تۆ نابێ چاوت لەوە بێ كه مێردت چاوی كزە و كەچەڵە، دەستی كورتە و بەڵەكە، قاچی ئەلەرزێ و بۆنی دەمی دێ، زمانی ناخۆشە و پاشی به جۆشە، دەستنوێژ ڕاناگرێ و دایمە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرخۆشە، لە قسە کردنا کەف ئەچەرنێ، لەوەختی نووستنتا دەم ئەتەقێنێ"کابرا کە ئەمانەی بیست وتی"هەڵستە، هەڵستە پرۆ خوا بتگرێ بۆ خۆت و ئامۆژگاریت!ئەو شتانەی کە تۆ بەم ژنەی منت وت ئەو گەلێکیانی نەئەزانی")[31]

ئاغایەك خزمەتکارێکی تەمەڵی هەبوو. ڕۆژێك ناردی بۆ بازار رۆن و برنج بکرێ.زۆری پێچوو هەر نەهاتەوە، دوایی کە هاتیشەوە هەر برنجەکەی کڕیبوو، رۆنی نەهێنابوو. کابرا زۆر تووره بوو. گەلێ جنێوی دایە و پێی وت: سەگی سەگباب!مادام تۆ ئەمە کتنتە جارێکیکە ناردم بۆ هەر شت ئەبێ دوو شت بێنی.

ڕۆژێك کابرای ئاغا نەخۆش ئەکەوێ و بە خزمەتکارەکەی ئەڵێ:"ئا بچۆ پزیشکێکم بۆ بێنە"ئەویش ئەچێ و لە پاش تۆزێك دێتەوە.پزیشکێك و پیاوێکی تری لە گەڵ خۆی دێنێ. ئاغا لێئەپرسێ ئەم کابرایەی تر چیە؟

ئەویش ئەڵێ:"ئەی ئەو رۆژە تۆ دەستت نەکرد بە جنێودانم و پێت نەوتم کە ناردتم بۆ هەر شتێك ئەبێ دوو شت بێنی؟ ئێستە پێت وتم بچم پزیشك بێنم و ئەوا ئەوەیان پزیشکە، ئەگەر چاکی کردیەوە باشە، ئەگەر خۆ چاکیشی نەکردیەوە ئەویتریان گۆر هەڵکەنە و گۆرەکەت بۆ هەڵئەکەنێ)[32]

لەو نوکتەیەدا چەند خاڵ خۆی حەشارداوە:

- بێگاری بە خەڵك کردن لە لایەن ئاغا و کرشکێنی نۆکەر و خەڵك
- دم شڕی و زمان پیسی ئاغا و خراپی هەڵسوکەوت لە گەڵ ەوروبەر و نۆکەر و خەڵك
- گاڵتە پێکردنی نۆکەر بە ئاغاکەی
- ئاواتی مەرگ خواستن بۆ ئاغا و بە گۆر ئەسپاردنی لە لایەن نۆکەر و خەڵك و تەنانەت گێرەوەی نوکتەکە.

نووسەر دەیەوێ لە رێگەی نوکتە، قسە بکات و باسی گرفتەکانی سەردەم بکات. بۆ نموونە:کابرایەکی موکریانی ئەچوو بۆ (بیجار) کە هەموو شیعەن. لە نزیك شارەکە تووشی کەروێشکێك ببو گرتبووی بردبوویە ناو شارەکەوە و لەوێ بردبوویە بازارەکە بیفرۆشێ.ئەوانیش بێزیان لە کەروێشك دێتەوە. بە هەر جۆر بوو کابرایەکی سوننی مەزهەبی لێ پەیدا ببوو بۆ کڕینی.

هەر شتێك لەو شارە بفرۆشرایە ئەبوایە ڕەسمی حوکومەتی لێ بدرایە.قۆچانچی  ویستی لە قۆچانەکەدا ناوی کابرا بنووسێ لە دەڵاڵەکەی پرسی ناوی چییە؟ وتی:ئەبووبەکر.ناوی باوکت چییە؟

وتی:عومەر. ناوی باپیرت چییە؟وتی:عوسمان .کابرای قۆچانیش هەروا سەیریانی دەکرد. لە ئەنجاما بە دەڵاڵەکەی وت:ئەم درێژدادڕیەی ناوێ، چی بنووسم؟دەڵاڵەکە وتی"هیچ ئەمە گویەك بوو خواردی بنووسە خاوەنی کەری دێزە)[33]

لەو نوکتەیەدا ئەو خاڵانە بەر چاون:

- کوردستان خاوەن یەك ئایین و تەنانەت یەك ئایینزا نییە و کوردەکان ناتوانن بە سانایی بێ وەلانانی ئایین، یان ئاسانکاری یەك بگرن.
- جیاوازی بیر کردنەوە تەنانەت خواردن(وەك کەروێشك) لە نێو دو ئایینزا لە ناو یەك ئایینداا(ئیسلام)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- دابونەریتی حکومەت کە بە پێی گێرانەوەکە سەردەمی(شاهنشاهی)یە لە ئێراندا بۆ کرین و فرۆشتن
- دەمارگرژی هەردوو لایەنی ئایینزا بۆ نموونە لە سونەکە ناوی (ئەبووبەکر،عومەر،عوسمان) و شیعەکەش دەڵێ:(هیچ ئەمە گویەك بوو خواردی بنووسە خاوەنی کەری دێزە).

(کابرایەکی سنەیی ئەچێ بۆ مەریوان، لە مەریوان زۆر هەر نانی هەرزنە. کابرا لە هەرزن بەو لاوە نانی تری دەست ناکەوێ بیخوا. خواردنی هەرزنیش لە سەر پێشاو دەرچوونی هەر بۆ نییە.کابراش کە فێر نەبووە,کە ئەچێتە سەر پێشاو هەر ئەنەقێنێ و هەرچەندە تین ئەداتە بەرخۆی هیچ کەڵکێکی نادا و زۆریش بۆ تۆزێ گوو کردن نارەحەت ئەبێ. لای ئەوانیش بە هەرزن ئەڵێن"گاڵ". جا هەر لە سەر پێشاوەکە ئەنەقێنێ و ئەڵێ:

گاڵە گیان! بە قوربانت بم من مەریوانی نیم. خەڵکی شارم بە میوانی رێگام کفتگەسە ئێرە. هەرچکێ سەربێرانە دەرەوە. ئیتر ناوخۆم. گاڵە گیان گووی باوکم ئەخۆم و تۆ ناخۆم. حەفجار ببم بە دەورتا هەرچکێ بێرە دەرەوە)[34]

زۆر کتێب هەیەکە وەکو داو و دەرمان دەکرێ کەلکی لێ وەرگیرێ، بۆ نموونە ئەو کتێبانەی کە بەر لە نووستن دەیخوێنیتەوە و بۆ ئەوەیکە پرێك ئارام ببینەوە و بتوانین لەوهەموو گرفت و تەنگ و چەلەمەیەی ژیان دورکەوینەوە.

لە پاڵ ئەوجۆرە کتێبانەدا گەلێك کتێبی تریش هەن کە ئازارەکەمان پێ نیشان دەدات و دەڵێ، با بە دوای دەرمانی ئەو ئیش و ئازارە بکەوین.

رشتەی مرواری بە گاڵتە پێکردن بەو ئازارانە، برینەکان دەکولێنێتەوە تاکوو وەبیرمان بێتەوە کە چارسەری بکەین.

پروانە چۆن گاڵتە بە عەقڵیەتی عەشیرەیەکی دەمارگرژ دەکات کە تەنانەت بێ لێپرسینەوە لە راستی رووداوە کە کە کەوتوونەتە تەقە و کوشتار و ئازاردانی یەکتر.

(لە ناو مەنگورایەتیە ژنێك هەبوو شەمێ ناو بوو.ئای راست ئای درۆ شەمێ ناوی بە خراپ دەرچوبوو.رۆژێك خزمەکانی شەمێ و بوختانکەرەکان بە تفەنگ ئەنیشتنە ناو یەك و دەس ئەکەن بە کوشتاری یەك. شەمێ کە وائەزانێ هەڵدێت و روبارێك ئەبێ و لە روبارەکە ئەپەرێتەوە.لەو کاتەدا زەلامێکیش لەو بەر ئاوەکەوە دێت و گوێی لە تەق و هۆری ئەو بەر ئاوایی ئەبێ.لە شەمێ ئەپرسێ :دایکم ئەو تەقە و کوشتار و هەرایە لەسەر چیە و بۆچیە؟ شەمێش ئەڵێ: بەخوا برام ئەو هەموە لە سەر شەمێیە و شەمێش ئاگای لە هیچ نییە.)[35]

مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە پێدەکەنێ، پێکەنین نە خەڵاتی خوایە و نە توك ونزای شەیتان و دێو و درنجە، بەڵکو بەشێکە لە پێکهاتەی مرۆڤ و لە ناو ئاژەڵەکاندا تەنیا مەیمونە کە تواناى پێکەنینی هەیە. بەڵام پێکەنینی ئێمە وەکوو مرۆڤ پێکەنینێکی ئاسایی نییە، بەڵکو بەردەوام دەیان ماناى جدی و شاراوە لە پشت پێکەنینەکانی ئێمە خۆی حەشار داوە کە دەکرێ بە زۆر مانا گەلی وەك(بە مەبەستی پتەو کردنی پەیوەندی و دۆستایەتیەکان)(بە مەبەستی شاد بوون و کات بە سەر بردن)(بە مەبەستی گاڵتە پێ کردن و ئازار دانی رۆحی بەرامبەر)(بە مەبەستی سەرسورمان)(بە مەبەستی خەم خواردن و گریان). بۆ نموونە کاتێك ئێمە ئەو نوکتەیە کە باس لە خۆ دوراندنی مەلایەك دەکات لە بەرامبەر زمانی بێگانەدا کە تەنانەت ناتوانێ هاوزمانەکەی خۆی لە مەبەستەکەی تێ بگەیێنێ پێدەکەنین، بەڵام لە راستی دا گریانمان دێ و هەرکات بیر لە درێژەی ئەو رەوتە دەکەینەوە کە ئێستاش لە ناو کوردی چوار پارچەدا بەردەوامە زیاتر خەمبار دەبین.

(مەلایەك هەبوو چووە لای حاجی عەبدوللای کۆیە و وتی:"قوربان!بقرەیەك چووە ناو مەزرەعەیەك و تەخریبی هەموو مەزرەعەکەی کرد.مالکی مەزرەعەکە مەدی یەدی کرد بۆ ئەخزی حەجەرێك و حەجەرەکەی می کرد بۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

عونقی بقره و بەقەرەکە مقتول بوو.ازمن مالکی مەزرەعەکە بەدیەی بەقەرەکە ئەم لا؟حاجی مەلاش ئەڵێ:"بە سەری خۆت ئەگەر هەڵئەستی بچی ئەم درۆینەیە لە شوێنیکە بکە لا".)[36]

لەو نوکتەیەدا،کاریگەری زمانی عەرەبی بە سەر بەناو ڕووناکبیرانی کوردەوە بە ئاشکرا دیارە.

بەڵام لە بەرامبەر مامۆستایەکی ئایینی وەك ئەو مامۆستایەی نوکتەکەی پێشوو بە دەیان مامۆستای ئایینی زانا و کەڵە پیاو هەبوون کە نە تەنیا خزمەتی زمان و ئەدەب و سیاسەتی بێگانەیان نەکردووە بەڵکو بە کردەوە لە کاتی هەستیاردا خاوەن هەڵوێستی جوامێرانە بوون.

جارێك مفتی زەهاوی لە لای والی دائەنیشێ و لە تەنیشتیەوە ئەبێ و سەرینێك لە بەینانا ئەبێ.لەو وەختەدا یەکێك لە کوردە فەیلیەکان ئەبەنە لای والی و والی زۆر تۆرە ئەبێ و ئەڵێ :"بریا ئەمزانین بەینی کورد و کەر چەندە؟"خێرا مفتی زەهاوی هەڵ ئەداتێ و ئەڵێ:"تەنیا سەرینێك"والی لا ئەکاتەوە زۆر شەرمەزار ئەبێ و داوای لێبوردنی لێ ئەکا"[37]

ئەو نوکتەیە گێرانەوەی چەند خاڵی سەرەکیە:

- زوڵم و زۆر لە کودان بە تایبەتی کوردە فەیلیەکان کە لە لایەن حکومەتەوە بە هاووڵاتی عێراقی دانەندران و جنسیەیان پێ نەدەدرا.
- زمانی رەق و بیچ ئەدەبی داگیرکەر سەبارەت بە کوردان
- حازر جوابی مفتی زەهاوی

یان سەرنج بدەینە ئەو نوکتەیە کە دەڵێ:

(ئینگلیز تازە هاتبوونە عێراقەوە، زابێتێکی گەورەی ئینگلیز لە "فەقێ جنە"لە دیوە خانی حەسەن بەگ دائەنیشێ و دەست ئەکا بە قسە کردن و بەشان و باڵی چاکی خۆیانا دێت.مەحمووی نادریش لە دیوەخانەکە ئەبێ ئینگلیزەکە هەموو جار ڕوو ئەکاتە مەحمووی نادر و ئەڵێ ئەوەتان بۆ ئەکەین و ئەوەتان بۆ ئەکەین. کە ئەو لە قسەکانی ئەبێتەوە، مەحمووی نادریش لە سەر خۆ پێی ئەڵێ:"ئینگلیز بەگ، ئێمە دابەستە خزمەت ئەکەین و پاشان سەری ئەبرین"ئەڵێ کابرای ئینگلیز ئیتر نقەی نەکرد")[38]

لەوانەیە ئەگەر بمانەوێ باس لە ئیستعمار بکەین بە سەدان لاپەرە نەتوانین ئەو قسە بەڕواڵەت سادە و پڕ مانایەی( مەحمووی نادر) بکەین کە دڵێ"مەری دابەستە "واتە موستەعمەرەکان لە ئەنجامدا سەردەبردرێن. ئەگەر ئێمە پاش هەفتا ساڵ لە دەرئەنجامی ئەو نوکتەیە و هاتنی ئینگلیز بۆ عێراق بکۆڵینەوە.

عێراقێکی لێقەوماومان دێتە بەرچاو کە قەت لەگەڵ بەڵێنەکانی کابرای ئینگلیز یان مەحمووی نادر گووتەنی"ئینگلیز بەگ"یەکتر ناخوێننەوە.رشتەی مرواری بە ناهەق ئەو ناوەی لێنەنراوەو هێشتا بە سەدان نوکتەی تێدایە کە دەکرێ لێی ورد ببینەوە و هەرجارێ مرواریەکی لێ هەڵێنجین و ڕاڤەی بکەین.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**بەشی پێنجەم**

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### یەکەم : کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە

بۆ ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی باسەکەی خۆم لە شاری هەولێر،25 ئەدیب و ڕووناکبیرم وەك کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکەم هەڵبژارد. شایانی باسە ئەم توێژینەوەیە لە ڕێکەوتی 2009/2/15 دەستی پێ کرد و لە ڕێکەوتی 2009/5/3 کۆتایی پێهات.

### دووەم: میتۆدی توێژینەوەکە

لەو توێژینەوەیەدا لە میتۆدی (شیکاری-مێژوویی) کەڵك وەرگیراوە. رشتەی مرواری بەشێکە لە بەرهەمی نەوەی ڕابردو و وەك کتێبێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی خاوەنی کۆمەڵێك زانیاری گرینگە و لە و توێژینەوەیەدا هەوڵم داوە ئەو زانیاریانە بە پێی توانا شی بکەمەوە.

### سێیەم: بوارەکانی توێژینەوەکە

بواری مرۆیی = 25 لەو توێژینەوەیەدا ئەدیب و رووناکبیری کورد وەرگیراوە

بواری شوێن = ئەو توێژیتەوەیە لە هەولێر ئەنجام دراوە

بواری کات = ئەو توێژینەوەیە لە ڕێکەوتی 2009/2/15 دەستی پێ کردووە و لە ڕێکەوتی 2009/5/3 کۆتایی پێ هاتووە

### چوارەم: ئامرازەکانی کۆ کردنەوەی زانیاری

1) فۆرمی ڕاپرسی

2) ئامرازە ئاماریەکان (ڕێژەی سەدی) ڕێژەی سەدی $\frac{\text{بەش}}{\text{کۆ}}$ × 100

### خشتەی ژمارە(1)

**ڕەگەزی بەشدارانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە نیشان دەدات.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| نێر | 24 | 96 |
| مێ | 1 | 4 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به پێی خشتەی ژمارە(1) لە( 96%) بەشدار بووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە رەگەزی نێرن و (4%) کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە رەگەزی مێن. هەروەها ئەو خشتەیە دەکرێ ئاماژەیەك بێ بۆ کەمی نووسەر و ڕووناکبیری ئافرەتی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

### خشتەی ژمارە(2)

سالی دەسپێکی نووسینی بەشدارانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە نیشان دەدات.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| 1969-1960 | 2 | 8 |
| 1979-1970 | 10 | 40 |
| 1989-1980 | 1 | 4 |
| 1999-1990 | 8 | 32 |
| 2009-2000 | 4 | 16 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

به پێی خشتەی ژمارە(2) بۆمان دەردەکەوێ کە لە (40%) نووسەرانی کوردی بەشدار بوو لە نێوان سالانی(1970-1979) دا دەستیان بە نووسین کردووە.هەورها (8%)بەشداران لە نێوان سالانی(1960-1969) دەستیان بە نووسین کردووە و هەروەها(4%) لە سالانی(1980-1989) دەستیان بە نووسین کردووە و هەروەها (32%) لە سالانی(1990-1999) دەستیان بە نووسین کردووە هەروەها(16%) لە سالانی(2000-2009) دەستیان بە نووسین کردووە.

### خشتەی ژمارە(3)

ئاستی خوێندەواری بەشدارانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە نیشان دەدات.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| دواناوەندی | 6 | 24 |
| بەکالۆریۆس | 12 | 48 |
| خوێندنی بالا | 7 | 28 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

به پێی خشتەی ژمارە (3) بۆمان دەردەکەوێ کە(24%) بەشدارانی ئەم توێژینەوەیە خاوەن بەڵگەنامەی دواناوەندین، (48%) خاوەن بەڵگەنامەی بەکالۆریۆسن و (28%) خاوەن بەڵگەنامەی خوێندنی بالان.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## خشتەی ژمار(4)

تەمەنی

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدەی % |
|---|---|---|
| 34-25 | 6 | 24 |
| 44-35 | 6 | 24 |
| 54-45 | 4 | 16 |
| 64-55 | 9 | 36 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

بە پێی خشتەی ژمارە(4) بۆمان دەردەکەوێ کە لە (36%) تەمەنی بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە نێوان ساڵانی(55-64) دایە.هەروەها (24%) لە نێوان تەمەنی(25-34) ساڵ دان.هەروەها (24%) لە نێوان تەمەنی(35-44) ساڵ دان. هەروەها (16%) لە نێوان تەمەنی(45-54) ساڵ دان.

## خشتەی ژمارە(5)

**بواری نووسینی بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە نیشان دەدات.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| ئەدەب | 17 | 68 |
| کۆمەڵناسی | 5 | 20 |
| سیاسەت | 1 | 4 |
| فەلسەفە | 1 | 4 |
| ئایین | 1 | 4 |
| کۆ گشتی | 25 | 100 |

بە پێی خشتەی ژمارە(5) زۆرترین بواری نووسینی بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە (68%) ئەدەبیاتە. هەروەها (20%) کۆمەڵناسیە، (4%)سیاسەتە، (4%)فەلسەفەیە و (4%)ئایینە.

## خشتەی ژمارە(6)

**ڕێژەی خوێنەرانی ڕشتەی مرواری کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە نیشان دەدات.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 25 | 100 |
| نەخێر | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە پێی خشتەی ژمارە(6) ڕێژەی (100%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە کتێبی ڕشتەی مرواریان خوێندووەتەوە.

## خشتەی ژمارە(7)

**ڕێژەی خوێندنەوەی بەرگەکانی ڕشتەی مرواری لە کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە نیشان دەدات.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| یەک بەرگ | 4 | 16 |
| هەندێکیان | 9 | 36 |
| هەموویان | 12 | 48 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

بە پێی خشتە ی ژمارە(7) (48%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە هەموو بەرگەکانی ڕشتەی مرواریان خوێندۆتەوە.(36%) هەندێکیان خوێندۆتەوە، هەروەها(16%) تەنیا یەك بەرگیان خوێندۆتەوە.

## خشتەی ژمارە(8)

**کتێبەکە لە باری ئەدەبیەوە لە ڕوانگەی بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە هەڵدەسەنگێنی.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| زمانێکی پاراو و کوردییەکی باشە | 6 | 24 |
| ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەی کورد پیشان دەدات | 13 | 52 |
| تا ڕادەیەک باشە | 6 | 24 |
| نازانم | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به پێی خشتەی ژمارە(8) ،(52%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە سەر ئەو پروایەن کە رشتەی مرواری ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و ژیانی رۆژانەی کورد نیشان دەدات.(24%) پێیان وایە زمانێکی پاراو و کوردییەکی باشە، (24%) پێیان وایە لە باری دارشتن و ناوەڕۆکەوە تا ڕادەیەك باشە.

## خشتەی ژمارە(9)

**جێگەی رشتەی مرواری لە لای خوێنەری کورد لە روانگەی بەشدارانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە نیشان دەدات.**

| وەڵام | ژمارە | رێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 18 | 72 |
| نەخێر | 0 | 0 |
| ماماوەندی | 7 | 28 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

به پێی خشتەی ژمارە(9)، (72%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە کە رشتەی مرواری لە لای خوێنەری کورد جێگای خۆی کردۆتەوە.(28%)پێیان ماماوەندییە.

## خشتەی ژمارە (10)

**لایەنەکانی رشتەی مرواری لە روانگەی بەشدارانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە نیشان دەدات.**

| وەڵام | ژمارە | رێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| زۆربەی نوکتەکان مانای شاراوەیان لە پشتە | 8 | 32 |
| بەشێکە لە مێژووی گەلەکەمان | 7 | 28 |
| تەنیا نوکتەیە و بەس | 0 | 0 |
| هەرسێکیانە | 10 | 40 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

به پێی خشتەی ژمارە(10)،(40%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە هەر سێ فاکتەری (مانای شاراوەی پشت نوکتە) و (بەشێك لە مێژوو بوونی نوکتە) و (تەنیا نوکتە بۆ پێکەنین) لە رشتەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مرواریدا بوونیان هەیە و (%32) پێیان وایە زۆربەی نوکتەکان مانای شاراوەیان لە پشتە، هەروەها(%28)پێان وایە بەشێکە لە مێژوی گەلەکەمان.

### خشتەی ژماری(11)

**ڕادەی پێویستی بوونی کۆمەڵناسی ئەدەب لە ڕوانگەی بەشدارانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە  نیشان دەدات.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| جێگەی خۆیەتی | 10 | 40 |
| پێویست نییە | 0 | 0 |
| هەبێ باشە | 14 | 56 |
| نازانم | 1 | 4 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

بە پێی خشتەی ژمارە(11)، (%56) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە کە ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی ئەدەبەوە هەبێ باشە. (%40) پێیان وایە جێی خۆیەتی ،(%4) نازانن کە ئایا کۆمەڵناسی ئەدەب بوونی پێویستە، یان نا.

### خشتەی ژمارە(12)

**بۆچوونی بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە سەر قەدەغەشکێنی ڕشتەی مرواری نیشان دەدات.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 16 | 64 |
| تارادەیەک | 8 | 32 |
| نەخێر | 1 | 4 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

بە پێی خشتەی ژمارە(12)، (%64) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە سەر ئەو بۆچوونە کە ڕشتەی مرواری قەدەغەشکێنی کردووە.(%32)پێیان وایە تا ڕادەیەك قەدەغەشکێنی کردووە و (%4)پێیان وایە نەخێر قەدەغەشکێنی نەکردووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

### خشتەی ژمارە (13)

**روانگەی بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە سەر پێوەندی نێوان نوکتە و تراژیدیا نیشان دەدات.**

| وەڵام | ژمارە | رێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 11 | 44 |
| تارادەیەک | 12 | 48 |
| نازانم | 2 | 8 |
| نەخێر | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

بە پێی خشتەی ژمارە(13)، (48%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە تراژیدیا و نوکتە پێکەوە پەیوەندیان هەیە و (44%)وەڵامی بەڵێیان داوەتەوە و (8%) نازانن کە ئایا پێوەندییەك لە نێوان تراژیدیا و نوکتە دا هەیە،یان نا.

### خشتەی ژمارە(14)

**بۆچوونی بەشدارانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە سەر گێرانەوەی نوکتە لە سەر کەسایەتیەکان نیشان دەدات.**

| وەڵام | ژمارە | رێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| سووکایەتییە | 4 | 16 |
| خۆشەویستتر دەبێ | 4 | 16 |
| ئاساییە | 16 | 64 |
| نازانم | 1 | 4 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

بە پێی خشتەی ژمارە(14)، (64%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە گێرانەوەی نوکتەیان لە سەر کەسایەتییەکان پێ ئاساییە.(16%)پێیان وایە سووکایەتییە، (16%) پێیان وایە خۆشەویستتر دەبن،(4%) نازانن کامیانە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## خشتەی ژمارە(15)

**ڕوانگەی بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە سەر ڕوانگەی ڕشتەی مرواری سەبارەت بە ژن نیشان دەدات.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| پیاوسالارانەیە | 15 | 60 |
| ژنسالارانەیە | 2 | 8 |
| گاڵتەی پێ کردوون | 2 | 8 |
| نازانن | 6 | 24 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

بە پێی خشتەی ژمارە(15)، (60%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە ڕشتەی مرواری لە ڕوانگەیەکی پیاوسالارانەوە نووسراوە.(8%) پێیان وایە ژن سالارانەیە،(8%) پێیان وایە گاڵتەی بە ژن کردووە،(24%) نازانن کە کام یەك لەوانەیە.

## خشتەی ژمارە(16)

**ڕوانگەی بەشدارانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە سەر سەردەمی ڕشتەی مرواری وەك کتێبێك نیشان دەدات.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| کاتی بەسەر چووە | 1 | 4 |
| کاتی بەسەر نەچووە | 4 | 1 |
| بۆ کاتی بێکاری باشە | 1 | 4 |
| خاوەن گرینگی خۆیەتی | 19 | 76 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

بە پێی خشتەی ژمارە(16)، (76%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە کە ڕشتەی مرواری وەك کتێبێك خاوەن گرینگی خۆیەتی.(4%) پێیان وایە کاتی بەسەر چووە،(1%) پێیان وایە کاتی بەسەر نەچووە،(4%)پێیان وایە بۆ کاتی بێکاری باشە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ئەنجامە گشتییە کانی تۆێژینە وەکە:

بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لە ئەنجامی فۆرمی راپرسی وەدەستمان کەوتووە بۆمان دەردەکەوێ کە لە( 96%) بەشدار بووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە رەگەزی نێرن.هەروەها لە (40%) نووسەرانی کوردی بەشدار بوو لە نێوان سالآنی(1970-1979) دا دەستیان بە نووسین کردووە و (48%) خاوەن بەڵگەنامەی بەکالۆریۆسن. هەروەها لە (36%) تەمەنی بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە نێوان ساڵنی(55-64) دایە. زۆرترین بواری نووسینی بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە (68%) ئەدەبیاتە و رێژەی (100%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە کتێبی رشتەی مرواریان خوێندووەتەوە.شایانی باسە(48%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە هەموو بەرگەکانی رشتەی مرواریان خوێندۆتەوە.هەروەها (52%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە سەر ئەو پروایەن کە رشتەی مرواری ناوەرۆکی کۆمەلآیەتی و ژیانی رۆژانەی کورد نیشان دەدات. (72%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە کە رشتەی مرواری لە لای خوێنەری کورد جێگای خۆی کردۆتەوە و (40%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە هەر سێ فاکتەری (مانای شاراوەی پشت نوکتە) و (بەشێك لە مێژوو بوونی نوکتە) و (تەنیا نوکتە بۆ پێکەنین) لە رشتەی مرواریدا بوونیان هەیە.(56%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە کە رەخنەی ئەدەبی لە روانگەی کۆمەڵناسی ئەدەبەوە هەبێ باشە.هەروەها (64%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە لە سەر ئەو بۆچوونەن کە رشتەی مرواری قەدەغەشکێنی کردووە و(48%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە تراژیدیا و نوکتە پێکەوە پەیوەندیان هەیە.(64%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە گێرانەوەی نوکتەیان لە سەر کەسایەتییەکان پێ ئاساییە و(60%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە رشتەی مرواری لە روانگەیەکی پیاوسالارانەوە نووسراوە و(76%) بەشداربووانی کۆمەڵگەی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە کە رشتەی مرواری وەك کتێبێك خاوەن گرینگی خۆیەتی.

## دەرئەنجامی تایبەتی

کۆمەڵناسی ئەدەب وەك لقێکی نوێ لە کۆمەڵناسی گشتی دەتوانێ خوێندنەوەیەکی واقعیانە و نوێ بۆ (رشتەی مرواری) بکات. (رشتەی مرواری) لە هەلومەرجێکی سەختی مێژوویی کۆمەڵگەی کوردیدا نووسراوە. مامۆستا عەلائەدین سەجادی چەندین ئامانجی لە کۆ کردنەوە و نووسینەوەی ئەو بەرهەمەی دا هەبووە. هەر وەك لە راپرسیەکان دا بۆمان دەردەکەوێ بە بۆچوونی زۆربەی ئەدیبەکان و رووناکبیرەکان(رشتەی مرواری) توانیویەتی جێگەیەکی شیاو لە ناو کتێبخانەی کوردیدا بۆ خۆی دەستەبەر بکات و زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری کە لە هیچ شوێنێکی تر تۆمار نەکراون لە فەوتان و لەناو چوون رزگار بکات .

لە پاش هەڵسەنگاندنی چەندین نوکتە لە بەرگە جیاجیاکانی (رشتەی مرواری) و پاش کۆکردنەوە و بەتاڵ کردنی خشتەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە لە لایەن 25 کەس لە ئەدیبان و رووناکبیرانی کوردەوە وەڵام درانەوە، بەو ئەنجامە دەگەین کە (رشتەی مرواری) توانیویەتی وەك ئاوێنەیەکی باڵا نوێنی کۆمەڵگەی کوردەواری جێگەیەکی باش بۆخۆی دەستەبەر بکات.

***راسپاردە و پێشنیارەکان**

1) پێویستە توێژەرەکانی کۆمەڵناسی کە دەیانەوێ لە بواری کۆمەڵناسی ئەدەبدا توێژینەوە بکەن ئەو خاڵە لە بەر چاو بگرن کە بە داخەوە لە زمانی کوردیدا لەم بوارەدا سەرچاوە کەمە،لە بەر ئەوە دەبێ لە سەرچاوەکانی زمانەکانی دیکە کەڵك وەرگرن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

2) پێشنیار دەكەم بە سەرنجدان بە گرینگی ئەو بەشە، ئەگەر دەگونجێ، لە بەشی كۆمەڵناسی دا وانەیەك تەرخان بكرێت وەك كۆمەڵناسی ئەدەبیات.

3) رشتەی مرواری مافی خۆیەتی لە ئاستی سەرەوەتری خوێندنی باڵادا توێژینەوەی لە سەر بكرێت. بەو هیوایەی پێشنیارەكەم بە هەند وەربگیرێت.

تەواو

**تێبینی**: ئەم توێژینەوەیە وەکوو پێویستییەک بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی کۆمەڵناسی، ئامادە کراوە. مامۆستای سەرپەرشتیار بەڕێز "م. شوانی" یە.

**پەراوێزەکان**:


1) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی حەوتەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە-هەولێر، ساڵی 2006،ل/55
2) سەجادی،عەلائەدین، رشتەی مرواری،پێشەكی بەرگی سێیەم،ل/319، چاپی سنە، ساڵی 1386
3) لوسین گۆلدمەن، (فەلسەفە،مێتۆد،كۆمەڵناسی ئەدەبیات) و:هادی محمدی وەزارەتی رۆشنبیری،چاپخانەی شڤان. ساڵی2007
4) -جان ایف تادییە،النقد الادبی فی قرن العشرین: ترجمە:الدكتور قاسم المقداد، منشورات وزارە الپقافە، الوعهد العالی الفنون المسرحیە، دمشق 1993(لە كتێبی سۆسیۆلۆژیای شیعری كوردی، ن:ئازاد عەبدالواحید كەریم وەرگیراوە)
5) 5 الجابری ,د.محمد عابد ، المنهج التجریبی و تگور الفكر العلمی، دارالگلیعە، بیروت 1982 ص/365(لە كتێبی سۆسیۆلۆژیای شیعری كوردی، ن:ئازاد عەبدالواحید كەریم وەرگیراوە)
6) 6 غولدمان ,لوسیان ، البنیویە و تاریخ الادب، ت:د.علی الشرع ، مجلە االپقافە الاجنبیە، العددالرابع، السنە الپامنە، بغداد 1988 ص/16(لە كتێبی سۆسیۆلۆژیای شیعری كوردی، ن:ئازاد عەبدالواحید كەریم وەرگیراوە)
7) كەریم ،ئازاد عەبدوالواحید، سۆسیۆلۆژیای شیعری كوردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005،ل/5
8) كەریم ،ئازاد عەبدوالواحید، سۆسیۆلۆژیای شیعری كوردی ،چاپی یەكەم ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،2005،ل/6
9) هەمان سە رچاوە ی پێشوو،ل/6
10) هەمان سە رچاوە ی پێشوو، ل/6
11) هەمان سە رچاوە ی پێشوو، ل/6
12) هەمان سە رچاوە ی پێشوو، ل/7
13) فاچلی ,دكتر نعمت اللە ، جامعە شناسی مدیر مدرسە، سایت جامعەشناسان ایران2009/4/20.
14) فاچلی ,دكتر نعمت اللە ، جامعە شناسی مدیر مدرسە، سایت جامعەشناسان ایران2009/4/20.
15) رسول, دكتر عزالدین مصطفی، پژوهشی در فلكلور كردی، مترجم: عرفان صاحبی، چاپ 1379، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیە، ل /115
16) سەجادی ,عەلائەدین ، رشتەی مرواری، بەرگی یەكەم ،ل /19
17) هەمان سەرچاوە، بەرگی پێنجەم،ل/611
18) نیكیتین, واسیلی ، كوردوكوردستان،و:هێدی چاپخانەی زانكۆی سەلاحەالدین هەولێر،ساڵی1997، ل /734
19) رسول ، د. عزالدین مصگفی ، پژوهشی در فلكلور كردی ،و:عرفان صاحبی،انتشارات صلاح الدین ایوبی، ل /12
20) سابیر ,رەحیم ، كوردۆلۆژی ،چاپخانەی رێنما، سالی 2005،ل /30
21) سەجادی ,عەلائەدین ،رشتەی مرواری ، بەرگی یەكەم ، چاپی سنە، ساڵی 1386,ل /23
22) پیت، روبراسكار، جامعەشناسی ادبیات، ترجمە دكتر مرتچی كتبی،چاپ سوم،سمت، 1384،ل/8
23) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل/12
24) سەجادی ،عەلائەدین،رشتەی مرواری،بەرگی یەكەم، ل/ 9
25) هەمان سەرچاوەی پێشوو ،بەرگی هەشتەم ،ل /1038
26) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، بەرگی یەكەم، ل/ 24
27) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، بەرگی یەكەم، ل /15
28) هەمان سەرچاوەی پێشوو ،بەرگی شەشەم ،ل/ 78


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

29) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، بەرگی دووەم، ل/ 187
30) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، بەرگی یەکەم ،ل /2
31) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، بەرگی یەکەم، ل /8
32) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، بەرگی سێیەم ،ل /449
33) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، بەرگی چوارەم، ل/ 5251
34) هەمان سەرچاوەی پێشوو ،بەرگی شەشەم،ل /780
35) هەمان سەرچاوەی پێشوو ،بەرگی پێنجەم،ل /614
36) هەمان سەرچاوەی پێشوو ،بەرگی دووەم،ل /307
37) هەمان سەرچاوەی پێشوو ،بەرگی یەکەم،ل /160
38) هەمان سەرچاوەی پێشوو ،بەرگی سێیەم،ل/421

## سەرچاوەکانی توێژینەوەکە


**الف)** سەرچاوە کوردیەکان

1- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە-هەولێر، ساڵی 2006
2- سەجادی، عەلائەدین، رشتەی مرواری، 8 بەرگ، چاپی سنە، ساڵی 1386
3- گۆڵدمەن، لوسیەن، (فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسی ئەدەبیات)، و: هادی محەمەدی ساڵی2006، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی شڤان
4- کەریم، ئازاد عەبدوالواحید، سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، چاپی یەکەم 2005 چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر
5- نیکیتین، واسیلی، کورد و کوردستان، و: هێدی، چاپخانەی زانکۆی سەلاح الدین، ساڵی 1997، هەولێر
6- سابیر، رەحیم، کوردۆلۆژی، چاپخانەی رێنما، کەرکوك ،2005

**ب)** سەرچاوە فارسیەکان

1) فاچلی، د. نعمت الله، جامعەشناسی مدیر مدرسە، سایت جامعەشناسان ایران، 2009/4/20
2) رسول، د. عزالدین مصطفی، پژوهشی در فولکلور کردی، م: عرفان صاحبی، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیە،1379
3) پیت، روبر اسکار، جامعەشناسی ادبیات، م: دکتور مرتچی کتبی، چاپ سوم، چاپخانە سمت، ، تهران، سال 1384

**ج)** سەرچاوە عەرەبیەکان

1- جان ایف تادییە، النقد الادبی فی قرن العشرین: ترجمە: الدکتور قاسم المقداد، منشورات وزارە الپقافە، الوعهد العالی الفنون المسرحیە، دمشق 1993، (لە کتێبی سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ن: ئازاد عەبدالواحید کەریم وەرگیراوە)
2- الجابری، د.محمد عابد، المنهج التجریبی و تگور الفکر العلمی، دارالگلیعە، بیروت 1982 ص/ 365 (لە کتێبی سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ن: ئازاد عەبدالواحید کەریم وەرگیراوە)
3- غولدمان، لوسیان، البنیویە و تاریخ الادب، ت: د.علی الشرع ، مجلە االپقافە الاجنبیە، العددالرابع، السنە الپامنە، بغداد 1988 ص/16 (لە کتێبی سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ن: ئازاد عەبدالواحید کەریم وەرگیراوە)


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com